# أثر البنيوية على المنهجية التاريخية وإعادة تشكيل المعرفة التاريخية في النصف الثاني من القرن العشرين

# The impact of Structuralism on Historical Methodology and the Reconfiguration of Historical Knowledge in the second half of the 20th century

# كاریگەری تیۆری پێکهاتەگەرایی لەسەر میتۆدی مێژوونوسی و ڕێکخستنەوەی مەعریفەی مێژوویی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا

*Ass. Prof. Dr. Pherset Rosbeiani ا.م.د. فرست زبير محمد روژبەیانی

Ass. Lect. Zaryan D. Kareem م.م. زريان ظاهر كريم

قسم التاريـخ-جامعة الصلاح الدين-اربيل

Department of History- Salahaddin University

*Correspondence author: pherset.rosbeiani@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية: البنيوية، التأريخ، التحول اللغوي، النظرية التاريخية، تحليل الخطاب.**

**كليله وشه: پێكهاتەگەرایی، مێژوونوسی، وەرچەرخانی زمانەوانی، تیۆری مێژوویی، شیكاری گوتار**

**Key words: Structuralism, Historiography, Linguistic Turn, Historical Theory, Discourse Analysis.**

**ملخص**

كان للبنيوية، التي ظهرت كنظرية جديدة في أوائل القرن العشرين في أوروبا، وخاصة في فرنسا، تأثير كبير على المنهج التاريخي، لا سيما بعد الحرب العالمية الثانية، حيث تطورت. وتعود جذور البنيوية إلى النظريات اللغوية لفرديناند دي سوسير، ثم تطورت وبلغت ذروتها في الأعمال الأنثروبولوجية لليفي شتراوس وميشيل فوكو وغيرهما من المفكرين. اعتقد المؤرخون البنيويون أن الأفراد والأحداث والعوامل، باعتبارها خطًا مستقيمًا يُحدد مسار التاريخ، ليست الأساس التاريخي، يسترشد المجتمع والثقافة بهياكل أساسية تُؤطر معرفة الناس وسلوكهم، دون أن يقوم الناس بهذه السلوكيات عن علم أو قصد.. لذا، أصبحت النظرية البنيوية عائقًا قويًا أمام التأريخ التقليدي والتجريبي، ورفضت السماح للتاريخ بأن يدور حول سلسلة من الأحداث. تحلل هذه الدراسة آراء أبرز مفكري هذه الحركة، مثل ميشيل فوكو، ولويس ألتوسير، ورولان بارت، وليفي شتراوس، وجاك لاكان، وكيف وظفوا النظرية البنيوية في التفسير التاريخي، وكيف عارضت الكتابة التاريخية البنيوية الكتابة التاريخية التقليدية والتجريبية. وقد أدت مفاهيم المجتمعات طويلة الأمد، والأنظمة الرمزية، والسلطة، والمعرفة، والخطاب، إلى ثورة لغوية، وأصبحت عدسة جديدة للنظر إلى التاريخ. وتشير النتائج إلى أن النظرية البنيوية كانت بالغة الأهمية في إعادة تنظيم المعرفة التاريخية في النصف الثاني من القرن العشري.

**پوختە**

پێكاتەگەرایی كە وەک تیۆرێكی نوێ لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئەوروپا بە تایبەتیش لە فەڕەنسا سەریهەڵدا، كاریگەری بەرچاوی لەسەر میتۆدی مێژوونوسی دروستكرد بە تایبەت لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی كە ئەم تیۆرە گەشەیكرد. پێكهاتەگەرایی كە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ تیۆرە زمانیەوانەكانی فێردیناند دی سوسێر، پاشان لە بەرهەمە مرۆڤناسیەكانی لێڤی شتراوس و میشێل فۆكۆ و بیرمەندانی دی گەشەیكرد و گەیشتە ترۆپكی خۆی. مێژوونوسانی پێكهاتەگەرایی پێیان وابوو كە ؛ تاكەكان، ڕووداوەكان و ئەو هۆكارانەی وەک هێڵێكی ڕاست كە بزووتنەوەی مێژووی پێ شیدەكراوە پێشتر بونیاد و بنچینەی بنەڕەتی مێژوویی نین، بەڵكو ژیانی كۆمەڵایەتی و مانای كولتوری مێژوو دروست دەكەن، هەروەها ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە پێكهاتە چەقی مێژووە و كە زمانی مرۆڤ، كۆمەڵگە، كولتور لەلایەن پێكهاتە بنەڕەتیەكانەوە ئاڕاستە دەكرێن، كە هەر ئەوانەش چوارچێوە بۆ مەعریفە و ڕەفتاری مرۆڤەكان دادەنێن، بێ ئەوەی مرۆڤەكان ئاگادار بن یان بە مەبەست ئەو ڕەفتارانە ئەنجامدەدەن. هەر بۆیەش تیۆری پێكهاتەگەرایی بوە ئالەنگاریەكی بەهێز لەبەردەم مێژوونوسی نەریتی و ئەزمونی و ڕەتیكردەوە مێژوو بە چواردەوری كۆمەڵێک ڕووداودا بخولێتەوە. ئەم توێژینەوە شیكاری بۆ ڕاو و بۆچوونی گرنگترین بیرمەندەكانی ئەم ڕەوتە دەكات وەک میشێل فۆكۆ، لویس ئاڵتۆسەر، ڕۆلاند بارتس، لێڤی شتراوس و جاک لاكان،

کە چۆن تیۆری پێکهاتەگەراییان لەگەڵ لێکدانەوەی مێژوویی گونجاندوە، هەروەها چۆن مێژوونوسی پێکهاتەگەرایی لە دژی مێژوونوسی نەریتی و ئەزمونی وەستایەوە بە ڕێبازێکی نوێی مێژوونوسی لە ڕێگەی وردبونەوە لە پێکهاتە کۆمەڵایەتیە درێژخایەنەکان، سیستەمی ڕەمزی، دەسەڵات و مەعریفە و گوتار کە دواتر وەرچەرخانی زمانەوانیان دروستکرد و بونە چاویلکەیەکی نوێ بۆ ڕوانین لە مێژوو. دەرئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کەوا تیۆری پێکهاتەگەرایی گرنگیەکی لە ڕادەبەری هەبووە لە ڕێکخستنەوەی مەعریفەی مێژوویی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا.

## Abstract

Structuralism, which emerged as a new theory in early twentieth-century Europe, particularly in France, had a significant impact on historical methodology, especially after World War II, when it developed. The roots of structuralism trace back to the linguistic theories of Ferdinand de Saussure, then evolved and reached their peak in the anthropological works of Claude Lévi-Strauss, Michel Foucault, and other thinkers. Structuralist historians believed that individuals, events, and factors, as a linear progression determining the course of history, are not the historical foundation. However, Society and culture are guided by underlying structures that frame people's knowledge and behavior, without people engaging in these behaviors consciously or intentionally. Thus, structuralist theory became a powerful obstacle to traditional and empirical historiography, refusing to allow history to revolve around a series of events. This study analyzes the views of the most prominent thinkers of this movement, such as Michel Foucault, Louis Althusser, Roland Barthes, Claude Lévi-Strauss, and Jacques Lacan, and how they employed structuralist theory in historical interpretation, and how structuralist historical writing opposed traditional and empirical historical writing. The concepts of long-term societies, symbolic systems, power-knowledge, and discourse led to a linguistic revolution and became a new lens for viewing history. The findings indicate that structuralist theory was critically important in reorganizing historical knowledge in the second half of the twentieth century.

## پێشەکی

تیۆری پێکهاتەگەرایی وەک ئاڕاستەیەکی هزری نوێ لەسەدەی بیستەم کاریگەری بنچینەیی لەسەر مێژوونوسی دروستکرد کە سەرەتا لە تیۆرە زمانیەوانەکانی فێردیناند دی سوسێر سەریهەڵدا. دی سوسێر پێی وابوو کە مانا لە ئاماژەی ڕاستەوخۆ دروست نابێت بەڵکو مانا لە پەیوەندیە جۆراوجۆرەکانی نێوان نیشانە و ئاماژەکان دروست دەبێت. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش مێژوونوسانی پێکهاتەگەرایی تێڕوانینیان بۆ مێژوو داڕشت کە پێیان وابوو دیاریدە کولتوریەکان بە پێی پێکهاتە درێژخایەن و نائاگاکان بەڕێوەدەچن کە ڕەفتار و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دادەڕێژن. دواتر لێڤی شتراوس ئەم پێکهاتە زمانەوانیەی فراونتر کرد لە توێژینەوە مرۆڤناسیەکان بەکاری هێنا، چونکە بە بۆچونی ئەو سیستەمی خزمایەتی، ئەفسانە، داب و نەریت و هێماکان لە هەر کۆمەڵگایەک لە ئەنجامی نەخشە مەعریفیە گشتگیرەکان دروست دەبن، هەروەها هەر ئەو پێکهاتە قوڵانە سیستەمی کولتوری کۆمەڵگە دروست دەکەن کە بە نائاگایانە تاکەکان ئاڕاستە دەکەن کە چۆن کارلێک لەگەڵ دەوروبەر و جیهان بکەن.

مێژوونوسان و بیرمەندە کۆمەڵایەتیەکانی ڕەوتی پێکهاتەگەرایی کۆمەڵێک ڕێبازیان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی مێژوونوسی نەریتی بەکارهێنا. لویس ئالتۆسەر کە مارکسیزمی مرۆیی گۆڕی

بۆ ماركسيزمی پێكهاتەیی هەوڵی دا شیكارێكی نوێ بۆ مێژوو بكات. ئالتۆسەر مێژوو وەك بەرهەمی دەزگای مرۆیی نابینێت بەڵكو بە تێڕوانینی ئەو مێژوو لە كاریگەری پێكهاتە ئایدۆلۆژی و مادییەكان دروست دەبێت. زیاتر لەمبارەوە، تیۆری پێكهاتەگەرایی وەرچەرخانێكی زانستی فراوانی لە مێژوونوسی هێنا ئاراوە كە بە وەوچەرخانی زمانەوانی دەناسرێت، بە تایبەت میشێل فۆكۆ كە شیكاری گوتاری بۆ نوسینی مێژوو بەكارهێنا كە مكوڕ بوو لەسەر ئەوەی مەعریفەی مێژوویی لە ڕێگەی سیستەمی زمان و گێڕانەوە و دەسەڵاتەوە دادەڕێژرێت. جاك لاكان و ڕۆلاند بارتس شیكاری دەروونی و ئاماژەناسی و تیۆری ئەدەبیان وەك ڕێبازێكی تری سەرەكی بۆ مێژوونوسی و وردبونەوە لە هۆشی نائاگا وەك سیستەمێكی نیشانە كاریگەری لەسەر داڕشتنی كولتور و زمان بەكارهێنا.

ئەم توێژینەوە بیرمەند و مێژوونوسەكان ، گریمانە سەرەكیەكان و كاریگەرییە میتۆدۆلۆژییەكانی مێژوونووسی پێكهاتەیی شیدەكاتەوە. هەروەها لێكدانەوە بۆ پەیوەندی ئەو تیۆرە بە تیۆرە هاوچەرخەكانی دەكات. هەروەها لێكدانەوە بۆ ئەو لێكدانەوە مێژوویە دەكات كە ئەم ڕەوتە مەعریفەی مێژوویی لەسەر دروست دەكات.

**گرنگی توێژینەوە**: ئەم توێژینەوە شیكاری دەكات بۆ كاریگەری تیۆری پێكهاتەگەرایی لەسەر بنەماكانی زانستی مێژوونوسی سەردەم، بە گۆڕینی سەرنج لەسەر تاك و ڕووداو و گێڕانەوەی هێلی بۆ ئەو پێكهاتە قوڵانەی كە ژیانی كولتوری و كۆمەڵایەتی دادەڕێژن. هەروها ئەو توێژینەوە تیشك دەخاتە سەر ڕێبازی پێكهاتەگەرایی لە ئالەنگاری كردنی شێوازە مێژوویە ئەزمونگەراییە نەریتیەكان بە داهێنانی ڕێبازی نوێ كە بنچینەی لە مرۆڤناسی، زمانەوانی و شیكاری گوتاریدا هەیە. لە كۆتایدا، گۆڕانكاریەكانی تیۆری پێكهاتەگەرایی ڕێگای خۆشكرد بۆ داهێنانی ڕێبازێكی نوێی مێژوویی و هەروەها پرسەكانی پەیوەست بە نوێنەرایەتی كردن، بابەتی بوون و بەرهەمهێنانی زانیاری مێژوویی.

**پرسیارەكانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوە هەوڵێكە بۆ وەڵامدانەوە ئەو پرسیارانە:

١ – مێژوونوس و بیرمەندانی پێكهاتەگەرایی چۆن مێژوویان سەرلەنوێ نوسیەوە و بنچینە هزری و كاریگەریە میتۆدە مێژوونوسیەكانیان چین؟

٢- ڕەوتی پێكهاتەگەرایی چۆن تێگەیشتنی مێژوونووسانی لە نوێنەرایەتی مێژوویی و مانا و گێڕانەوە دووبارە داڕشتەوە؟

٣- ڕۆڵێ مێژوونوسی پێكهاتەگەرایی لە وەرچەرخانی زمانەوانی و شیكاری مێژوویی گوتاری چی بوو؟

٤- ڕەخنە سەرەكیەكان لە تیۆری پێكهاتەگەرایی چین؟

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئەمانجەكان لە ئەنجامدانی ئەو توێژینەوە ئەمانەی خوارەوەن:

- بۆ شیكردنەوەی بنەما سەرەكیەكانی تیۆری پێكهاتەگەرایی و كاریگەرییان لە نوسینی مێژوودا.
- بۆ لێكدانەوەی بەرهەم و شێوازەكانی مێژوونوس و بیرمەندە سەرەكیەكانی ڕەوتی پێكهاتەگەرایی.
- بۆ هەڵسەنگاندنی كاریگەری ڕەوتی پێكهاتەگەرایی لەسەر ڕەوتەكانی مێژوونوسی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا.

- بۆ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی کاریگەرییە زانستیەکانی پێکهاتەگەرایی بۆ مەعریفەی مێژوویی.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوە شیکاری مێژوویی بەکارهاتوە بۆ پێداچونەوە و ڕەخنەگرتن لە تیۆری پێکهاتەگەرایی. هەروەها شیکاری بەراوردکاری بەکارهاتوە بۆ بەراوردکرنی مێژوونوسی پێکهاتەگەرایی لەگەڵ ڕەوتە مێژونوسیە هاوسەردەمیەکانی خۆی. لە کۆتایدا شیکاری چۆنایەتی بەکارهاتوە بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوەی وردی دەقە مێژووییەکان.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە پێکهاتوە لە پێشەکی و شەش تەوەرەی سەرەکی و دەرئەنجام. پێشەکیەکە کە پەنجەرەیەک دەکاتەوە بە ڕووی تیۆری پێکهاتەگەرایی و بابەتەکە دەناسێنێت، بە کورتی باس لە سەرهەڵدان و گەشەی تیۆری پێکهاتەگەرایی دەکات. لە تەوەری یەکەم بەناونیشانی (مێژوونوسی پێکهاتەگەرایی و ڕێکخستنەوەی مەعریفەی مێژوویی) تیشک دەخاتە سەر سەرهەڵدانی ئەو تیۆرە وەک بنەمایەکی زمانەوانی لەسەردەستی دی سوسێر و دواتر چۆنیەتی پەرینەوە و بەکارهێنانی لە مێژوونوسی. لە تەوەری دووەم (بنەما تیۆریەکان و بەشەکانی پێکهاتەگەرایی) گرنگترین بنەما تیۆریەکانی ڕەوتی پێکهاتەگەرایی شیکراونەتەوە وەک تیۆری زمانەوانی دی سوسێر و پێکهاتەی مرۆڤناسی لێڤی شتراوس و شیکاری دەرونی مێژوویی. پاشان لە تەوەرێکی تر بە ناونیشانی (بیرمەندەکانی مێژوونوسی پێکهاتەیی) یەک لە دوای یەک سەرجەم بیرمەندە سەرکیەکانی ئەو ڕەوتە خراونەتە بەرباس. لە تەوەری دواتر (وەرچەرخانی زمانەوانی لە مێژوونوسیدا) گفتوگۆی پێکهاتەی گوتاری لەسەر مێژوو دەکات. لە تەوەرێکی تر گەنگەشەی (میتۆدەکانی مێژوونوسی پێکهاتەیی) دەکات. ئەو میتۆدانە شیکراونەتەوە کە لەم ڕەوتە بەکار هاتوون. لە تەوەری کۆتایدا، گرنگترین ڕەخنەکان تیۆری پێکهاتەگەرایی خراونەتە ڕوو، بە تایبەت ئەو ڕەخنانەی کە ڕەوتە هزریەکانی تر لە پێکهاتەگەراییان گرتوە.

**سەرچاوە سودبەخشەکان:** ئەم سەرچاوانەی کە لەم توێژینەوە بەکارهاتوون بریتین سەرچاوە ڕەسەنەکان و کتێب و بەرهەمی مێژوونوس و بیرمەندەکانی کە ئەو ڕەوتەیان دروست کردوە وەک فێردیناند دی سوسێر، کلۆد لیڤی-شتراوس، لویس ئاڵتۆسەر، میشێل فۆکۆ، فێرناند براودێل، ڕۆلاند بارتس. هەروەها کۆمەڵێک وتاری گۆڤارە زانستیەکان و مۆنۆگرافیای زانستی. لە کۆتایدا، کۆمەڵێک سەرچاوەی عەرەبی و کوردی بەکارهاتوون.

**بەربەستی توێژینەوە:** یەکێک لە بەربەستە سەرەکیەکانی بەردەم ئەو توێژینەوە دۆزینەوەی دەستەواژە و زاراوەی کوردی بوو بۆ هەندێک لە زاراوە ئینگلیزیەکان، چونکە لە زمانی کوردی بە پێی نوسەرەکان وشەی جیاواز بەکار هاتوە بۆ ئەو دەستەواژە و چەمکانە، بۆ نمونە، لەم توێژینەوە وشەی پێکهاتەگەرایی بەکارهاتوە بۆ (Structuralism) بەڵام هەندێک نوسەر وشەی بونیادگەرایی بەکار دێنن کە وشەیەکی عەرەبیە. بۆیە زۆربەی زاراوە ئینگلیزیەکان لەناو کەوانە دانراونەتەوە، تا ببێت بە بەرچاوڕونی بۆ خوێنەر.

### ١- مێژوونوسی پێکهاتەگەرایی و ڕێکخستنەوەی مەعریفەی مێژوویی

پێکهاتەگەرایی تیۆرێکی کۆمەڵایەتیە کاریگەری بەرچاوی لەسەر میتۆدی مێژوونوسی هەبوو، بە وەستانەوە دژی مێژوونوسی نەریتی، ڕەتی کردەوە کە مێژوو تەنها بە چواردەوری کۆمەڵێک ڕوداو بخولێتەوە. ڕوانگەی پێکهاتەگەرایی بە سەرلەنوێ دارشتنەوە و نوسینەوەی مێژوو بووە ئاڵەنگاریەکی ڕیشەیی بۆ مێژوونوسی نەریتی و ئەزمونی (Koval'chenko, 1978, 3-11 ; Lloyd, 1991, 198-203 ؛بەرزنجی، ٢٠١٦، ٧-١٠).

پێکهاتەگەرایی وەک تیۆرێک لە سەرەتای سەدەی بیستەم دەرکەوت، بنچینەی لە زمانەوانی، مرۆڤناسی، فەلسەفە، کۆمەڵناسی و تیۆری ئەدەبی هەیە. ئەم تیۆرە پێی وایە کەوا پێکهاتە چەقە هەروەها زمانی مرۆڤ، کۆمەڵگە، کولتور لەلایەن پێکهاتە بنەڕەتیەکانەوە ئاراستە دەکرێن، کە هەر ئەوانەش چوارچێوە بۆ مەعریفە و ڕەفتاری مرۆڤەکان دادەنێن، زۆربەی جاریش بێ ئەوەی مرۆڤەکان ئاگادار بن (Culler, 1975, 7 ; Sturrock, 2003, 6 ; Pettit. 1975, 1 ). بۆیە پێکهاتەگەرایی کار دەکات بۆ ئەوەی کە ئەو پێکهاتە شاراوانە دەربخات، هەروەها شیکردنەوە دەکات بۆ توخمە ئالۆز و جیاوازەکانی ناو سیستەمێک بۆ دروستکردنی مانا (Sturrock, 2003, 15 ; Giddens, 1987, 196).

سەرهەڵدانی پێکهاتەگەرایی دەگەڕێتەوە بۆ تیۆرییە زمانەوانییەکانی فێردیناند دی سوسێر لە سەرەتای سەدەی بیستەم بە تایبەت لە بەرهەمی 'کۆرسی زمانەوانی گشتی' لە دوای مردنی بڵاوکرایەوە لە ساڵی ١٩١٦، سوسێر جەختی کردەوە زمان وەک سیستەمی ڕەمزی یاخوت ئاماژە -نیشانە (system of signs) کار دەکات( Pettit, 1975, 1 ; Giddens, 1987, 196 ; Saussure, 1959, 6-20 ؛ بلعفیر، ٢٠١٧، ٢٣٣ ؛ میران، ٢٠٢١، ٢٧). پێکهاتەگەرایی تاوەکو دوای جەنگی دووەمی جیهانی گەشەی نەکرد، بەڵام لە دوای ئەم قۆناغەوە و بە تێکەڵکردنی ئەم میتۆدە لەگەڵ مرۆڤناسی و کولتورو فەلسەفەو ئەدەب، بە تایبەت لە لایەن لێڤی شتراوس و میشێل فوکۆ گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی (Dosse, 1997, xix ; Caws, 1968, 1 ; Kurzweil, 2017, 15-20 ). زیاتر لەمبارەوە، بیرمەندانی پێکهاتەگەرایی بە ڕەتکردنەوەی مێژوونوسی نەریتی و داواکردنی میتۆدێکی بابەتی و زانستی بۆ لێکدانەوەی کولتور و کۆمەڵگا وەرچەرخانیان لە مێژوونوسی هێناکایەوە (Sturrock, 2003, 48-49 ; Dosse, 1997, 127، قەتووس، ٢٠٢٣، ٩٥-٩٧). دواتر لە شەستەکان ڕەوتەکە چوە قۆناغی دوای-پێکهاتەگەرایی لەسەردەستی جاک دێریدا و فۆکۆ، چونکە ئەوان پێیان وا بوو مانا ناجێگیرە (instability of meaning) ڕەخنەیان لە دیدە سەرەکیاکانی پێکهاتەگەرایی گرت بە تایبەت دوانەیی دژبەیەک(binary oppositions) و سیستەمی جێگیر-چەسپاو (fixed systems) (Derrida, 1978, 54-58 ; Culler, 1983. 110).

پێکهاتەیگەرایی ئالەنگاری مێژوونوسی نەریتی کرد، چونکە لە مێژوونوسی نەریتی مێژوو وەک کۆمەڵێک ڕوداوی یەک لە دوای دانرابوو کەوا بەسترابونەوە بە کردەی تاکەکان. بەڵام پێکهاتەگەرایی جەختی کردەوە لەسەر پێکهاتە بنەڕەتیەکان، هەروەها مێژووی وەکو سیستەمێکی ئالۆز بۆ سەرجەم توخمەکان دەبینی کەوا لە چوارچێوەیەکی فراوانی ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و کولتوری کارلێک دەکەن. بەلای پێکهاتەگەراکان مێژوو سیستەمێکی قوڵە، کە چەندین هێزی شاراوە بە درێژایی کات دروستیان کردوە(Pace, 1978, 283-284 ; Caws, 1968, 1 ). لە میتۆدی پێکهاتەگەرایی ڕوودوای مێژوویی گۆشەگیر نیە بەڵکو بەشێکە لە سیستەمی ڕەمزی کە مانا دەگەینێ کە زمان و ئەفسانە و بیرۆکە و هێما کولتوریەکان لەخۆ دەگرێت، لەوکاتەی کۆمەڵگاکان شیکردنەوە بۆ ڕابردوی خۆیان دەکەن(Lévi-Strauss, 1963, 18 ; Rotenstreich, 1972, 514-15).

**٢- بنەما تیۆریەکان و بەشەکانی پێکهاتەگەرایی:**

فێردینارد سوسێر لە بەرهەمی کۆرسی زمانەوانی گشتی سیستەمی ڕەمزی وەک بنەمای سەرەکی پێکهاتەگەرایی داڕشت، جەختی کردەوە کە زمان سیستەمێکی ڕەمزییە. سوسێر پێی وابوو کە لە زمان نیشاندەر-signifier (پێکهاتە و شێوەی وشە) جیاوازە لە نیشانەکراو-signified (ئەو چەمکەی کە نوێنەرایەتی دەکات)، چونکە مانا (meaning) لە پەیوەندییە ئارەزومەندیەکان دەردەکەوێ نەک لە ئاماژەی ڕاستەوخۆ بۆ واقیعی وشەکە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە مانا نەگۆڕ وجێگیر نیە بەڵکو بە تێپەربونی کات بە پەیوەندی لەگەڵ نیشانەکانی تر گۆڕانکاری بەسەردادێت. ئەم شێوازە تورێکی فراوانی پەیوەندیە، کە هەر توخمێک تەنها لە پەیوەندی لەگەڵ توخمەکانی تر مانا دەدات

یان دەبەخشێت (Saussure, 1959, 67 ; Pettit,1975, 1 ; Giddens, 1987, 196). بۆیەش بیرمەندانی پێکهاتەگەرایی پێیان وایە کە زمان و مانا بەردەوام دەگۆڕێ کە دەبنە هۆی شێوازی تێگەیشتنمان و بیرکردنەوەمان لە پێکهاتەکان(Jackson, 2014, 60-63 )..
هەروەها سوسێر جیاوازی کردوە لە نێوان دوو جۆری توێژینەوە لە زمان. شیکاری ئێستا-هاوکات ( synchronic ) کە جێگیرە (static) تیشک دەخاتە سەر پێکهاتەی زمان وەک سیستەمێکی پەیوەندی و دژایەتی لە کاتێکی دیاری کراو نەگۆڕدا. شیکاری مێژوویی (Diachronic) لە زماندا کە شیکاری بۆ گەشەکردن و گۆڕانی زمان بە درێژایی کات دەکات، کە هەردوکیان بەشدارن لە گەیشتن بە مانا لە زماندا(Saussure, 1959, 81 ; Ingram, 2013, 227-29 ). بنەماکانی سوسێر هانی مێژوونوسانی پێکهاتەگەرایی دا قۆناغە مێژووییەکان وەک سیستەمی یەکگرتوو شیکار بکەن نەک تەنها وەک زنجیرەیەکی یەک لە دوای یەک(Ingram, 2013, 223-25 ).
بەشێکی تر لە ڕوانگەی بیرمەندانی پێکهاتەگەرایی بۆ مێژوونوسی بریتیە لە مرۆڤناسی پێکهاتەیی (Structural Anthropology) کە لیڤی شتراوس ڕابەرایەتی دەکرد. شتراوس شێوازی زمانەوانی سوسێری بۆ مرۆڤناسی بەکارهێنا، جەختی کردەوە دیاردە کولتوریەکان (cultural phenomena) وەک داب و نەریت، خزمایەتی و ئەفسانە لە ئەنجامی شێوازە گشتگیرەکانی داڕشتن و ڕەنگدانەوەی مەعریفی مرۆڤ پێکهاتوون. هەروەها سیستەمی کولتوری کۆمەڵگە لەخۆوە دروست نەبوە، بەڵکو لە پێکهاتەی قوڵ دروست بوون و زۆر جار نائاگایانە ئاڕاستەدەکرێن بەوەی تاکەکان چۆن کارلێک لەگەڵ دەوروبەر و جیهان دەکەن(Lévi-Strauss, 1963. 5-18; Xygalatas, 2014, 165-67 ).
لای لیڤی شتراوس کولتور سیستەمێکی ڕەمزیە، چونکە هەر بەشێکی کولتور لە ئافسانە، داب و نەریت یان ڕێوەرەسمی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی مانا بە دەست بهێنێت دەبێ پەیوەندی بە توخمەکانی تری ناو سیستەمەکە بکات. هەروەها دیاریدەی کولتوریەکان وەک بەشێک لە سیستەمێکی گەورەتر کار دەکەن، توخمی گۆشەگیر نین بەڵکو لە پەیوەندی بەردەوام دان. بۆ نمونە خزمایەتی (kinship) لە ڕیگەی کۆمەڵێک نیشانە (ڕەفتار، ڕۆڵ و پەیوەندی) بەڕێوەدەچێت(Lévi-Strauss, 1963, 32-42 ; Lévi-Strauss, 1965, 14-18 ; Lévi-Strauss,1943, 400-406 ;).
چەقی ڕوانگەی لیڤی شتراوس لە پێکهاتەگەرایی مرۆڤناسی دوانەیی دژبەیەکن (Binary Oppositions ) (وەکو، سروشت/کولتور، خاو/کوڵاو، هتد...) کە بنچینەیین لە ئاڕاستەکردنی بیرکردنەوەی مرۆڤ، هەروەها ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن. ئەم دژایەتیە لە مەعریفەی مرۆڤ(human cognition) هەیە کە تێڕوانینی تاک و کۆمەڵگاکان بۆ جیهان دروست دەکەن. بۆ نمونە، لە پەیوەندی خزمایەتی دا دوانەیی دژبەیەک سروشت بەرامبەر کولتور واتە (بایۆلۆژی بەرامبەر بە کۆمەڵایەتی) دیاری کردوە، کە کۆمەڵگاکان ڕۆڵی نێر و مێیان تەنها لە ڕووی بایۆلۆژی دابەش نەکردوە بەڵکو ڕەنگدانەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتی و کولتوریەکانن لە کۆمەڵگاکاندا(Lévi-Strauss, 1963, 85-94 ; Dundes, 1997, 40-46).
لیڤی شتراوس دەیەوێ لە ڕێگەی لێکدانەوەی ئەفسانە و فۆلکلۆر لە پێکهاتە مێژوویەکانی کۆمەڵگاکان بگات. ئەفسانە وەک سیستەمی هێمادار و ڕەمزی کار دەکات، پێکهاتەی نائاگای کۆمەڵگاکان ئاشکرا دەکات کە کولتورە تاکەکەسییەکان تێدەپەڕێنن و گشتگیرن(Lévi-Strauss, 1963, 210 ; Lévi-Strauss, 1997, 34-41 ; Leach, 2004, 91-100). دواتر ئەم ڕێبازە هانی مێژوونووسانی دا کە گێرانەوەی مێژوویی وەک پێکهاتەی ئەفسانەیی شی بکەنەوە، تیشک بخەنە سەر چوارچێوە مەعریفیە قوڵەکان(Lévi-Strauss, 1997, 34-39 ; Lévi-Strauss, 1981, 86).
پێکهاتە ئایدۆلۆژیەکان(Ideological Structures ) و مارکسیزمی پێکهاتەیی(Structural Marxism ) لەلایەن لویس ئاڵتۆسەر بەشێکی سەرەکی ڕوانگەی پێکهاتەگەراییەکان بۆ مێژوو. ئالتۆسەر بە شیکاری ڕەخنەگرانە بۆ تیۆری مارکسی ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا لە داڕشتنی پێکهاتە مێژوویی

و کۆمەڵایەتیەکان دەخاتەڕوو، بۆیەش بە میتۆدێکی زانستی تر خۆی لە مارکسیزمی نەریتی (کۆن) جیادەکاتەوە، کە مارکسی نەریتی تیشکی دەخستە سەر دەزگای تاکەکەسی و چینایەتی وەک بزوێنەری سەرەکی گۆرانکاری مێژوویی. هەروها ئاڵتۆسەر لە روانگەی پێکهاتەگەرایی شیکردنەوەی بۆ مارکسیزم کرد و دژی چەمکە مرۆڤدۆستەکانی دەزگا (agency) وەستایەوە بۆ بەرگریکرن لە حەتمیەتی ئایدیۆلۆژی(ideological determinism)(Althusser, 2005, 131-36 ; Collier, 1988, 545-48). ئالتۆسەر چەمکی ئامێرە دەوڵەتییە ئایدیۆلۆژییەکانی (Ideological State Apparatuses (ISAs) ) ناساند، کە ئەو دەوڵەتانە ناتوانن تەنها لەڕێگەی دەزگا سەرکوتکەرەکان ((Repressive State Apparatuses (RSAs) ) وەک پۆلیس و دادوەری، سیستەمی سەربازی دەسەڵاتیان بسەپێنن بەڵکو لەڕێگەی دامەزراوە ئایدۆلۆژیەکان خۆی دەسەپێنیت کە بیروباوەڕ و بەهای تاکەکان دروست دەکەن وەکو قوتابخانە، پەرستگا، میدیا، خێزان و دامەزراوە کولتورییەکان. لە کاتێکدا لە مارکسی نەریتی دەوڵەت تەنها لە ڕێگەی سوپا خۆی دەسەپێنێت، لای ئالتۆسەر دەوڵەت لەم ڕێگایانە ئایدلۆژیای خۆی دەخاتە ناو تاکەکان و ئەوانیش نائاگایانە جێبەجێ دەکەن بە ڕازیبون بە پێگەی ئابوریيان و پلەبەندی کۆمەڵایەتیان(; Althusser, 2005, 144-47 Althusser, 2012, 207-10 ; Althusser, 2014, 135-39).

تیۆری ئالتۆسەر وای دەبینی کە گۆڕانکاری مێژوویی بەهۆی ململانێی چینایەتی ڕوونادات، بەڵکو بەهۆی پێکهاتە ئایدیۆلۆژییە نائاگاکانەوە(unconscious ideological structures ) ڕوودەدات. چونکە مارکسی نەریتی یان مارکسی مرۆڤدۆستی(humanist Marxism ) تەنها تیشکی دەخستە سەر هۆشیاری مرۆڤ وەک هێزی بگۆڕ لە مێژوو. بەڵام ئالتۆسەر جەختی لەوە کردەوە کە مێژوو زیاتر لە لایەن پێکهاتە نائاگا و هێزە ئایدۆلۆژییەکانەوە ئاڕاستە دەکرێ. هەروەها پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، کۆی پێکهاتە ئایدیۆلۆژی، ئابووری و سیاسییەکان مێژوو ئاڕاستە دەکەن، کە تاکەکان لەژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیا لێی بێ ئاگان(Althusser, 2005, 150-54 ; Smith, 1989, 494-98). بۆیە ئالتۆسەر میتۆدی مێژوونووسی مارکسی بەرەو شیکاری گۆڕی کە ئایدۆلۆژیایی بە چەق دانا لە پێکهاتەی مێژوویی دا. (Smith, 1989, 507 ; Leopold, 2013, 20-37).

شیکاری دەروونی و سیمۆتیک-ئاماژە (Psychoanalysis and Semiotics ) تەوەرێکی تری سەرەکیە لە تیۆری پێکهاتەگەرایی. جاک لاکان و ڕۆلاند بارتس ئەو ڕەوتەیان گەشەپێدا. هەردوکیان شیکاری دەرونی و تیۆری ئەدەبیان بەکارهێنا بۆ وردبونەوە لە هۆشی نائاگا وەک سیستەمێکی نیشانە کاریگەری لەسەر داڕشتنی کولتوور و زمان(Ungar, 2004, 157).

جاک لاکان دەروونشیکار و پزیشکی دەروونی فەرەنسی بوو لە تیۆرەکانی پێکهاتەگەرایی و زمانەوانی تێکەڵ کرد. جاک لاکان لە کتێبی 'نوسینەکان: هەڵبژاردە' بە تێکەڵ کردنی هۆشی نائاگا( unconscious ) وەک پێکهاتەیەکی زمانەوانی، سەرلەنوێ چەمکی شیکاری دەروونی فرۆیدی داڕشتەوە، هەروەها لەسەر بنەمای تیۆری سوسێر پێی وابوو کە بیرکردنەوە و ئارەزووە نائاگاکان لە ڕێگەی زمانی هێمایی و کۆدە کولتوورییەکانەوە دروست دەبن(Lacan, 1999, 65 ; Lacan, 1966, 125-30؛ ستروک، ١٩٩٦، ١٥٩-١٦١).

لاکان پێی وابوو کە زمان ناسنامە و ئارەزوو و پرۆسەی نائاگایی تاکەکان دادەڕێژێت، کە زمان تەنها ئامرازی پەیوەندی نیە بەڵکو بنچینەیەکە کە خودێتی مرۆڤ (human subjectivity) دادەڕێژێت. لاکان ئەو کردارەی ناو ناوە قۆناغی ئاوێنە(Mirror Stage) کە منداڵ بۆ یەکەم جار خۆی لە ئاوێنە دەبینێ وێنەیەک لە مێشکی خۆی لەسەر خۆی دروست دەکات، و دەچێتە ناو کایەی زمان وکولتورەوە. تیۆری قۆناغی ئاوێنەیی لاکان دەریخست کە چۆن ناسنامە لە ڕێگەی سیستەمی ڕەمزییەوە بەرهەم دەهێنرێت(Lacan, 1999, 72; Lacan, 2004, 441-45). لاکان دەریخست کە ئارەزووی مرۆڤ لە بنچینەوە بەستراوەتەوە بە هەستکردن بە نەبونیەوە(sense of lack) کە بەهۆی

دابڕانی تاک لە دایکی و چونە ناو ڕێڕەوی هێمایی دروست دەبێ، هەروەها ئارەزووی بە دەستهێنان و حەزی مرۆڤ بۆ خاوەنداری (object-cause of desire) ڕەفتاری مرۆڤ ئاڕاستە دەکات. لە کۆتایدا، ڕوانگەی لاکان کاریگەری لەسەر مێژوونووسی هەبوو بۆ توێژینەوە لە خودێتی و بابەتی بونی مرۆڤ وەک بەرهەمی گوتاری کولتووری(McKenna, 1976, 190-95; Schneider, 2009, 277).

بەڵام ڕۆلاند بارتس کە بیرمەندێکی فەرەنسی بوو، تیۆری سیستەمی سێمۆتیک--ئاماژە (semiotics theory) و مانای لە توێژینەوەی کولتور و ئەفسانە و ئەدەب بەکارهێنا. بارتس کولتور و ئەفسانەی وەک سیستەمی سێمۆتیک دەبینی کە هاوشێوەی زمان مانایان لە پەیوەندی دروست دەبێ.  بارتس سێمۆتیک(ئاماژەناسی) لە شیکاری کولتووریدا بەکارهێنا، هەروەها  پێداگر بوو لەسەر ئەوەی ئەفسانە ئایدۆلۆژیا دەچەسپێنیت بە خستنەڕووی مانا دروستکراوەکان وەک ڕاستیە گشتگیرەکان(Barthes, 1972, 108-111 ; Barthes, 1997, 4-16). لە کتێبی ئەفسانەناسی (Mythologies) دیاریدە کولتوریەکانی وەک ڕیکلامکردن و میدیای وەکو سیستەمی سیمۆتیک بۆ بڵاوکردنەوە ئایدۆلۆژیا داناوە کە هەمان کاری ئەفسانە دەکەن(Barthes, 1972, 108-111). لاکان جیاکردنەوەی کرد لە نێوان مانای واتاسازی*denotative* (وشەیی) و واتاسازی*connotative* (ئایدیۆلۆژی) وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی گێڕانەوە مێژووییەکان تا مێژوونوسان بەکاری بهێنن. واتاسازی وشەیی بریتیە لە مانای ڕووکەشی وشەیەک بەڵام واتاسازی ئایدۆلۆژی ئەو مانایە دەگەینێ کە بەستراوەتەوە بە نیشانە ئایدۆلۆژیەکانی وشەکە(Barthes, 1972, 115 ; Bouzida, 2014, 1004). ڕێبازی بارتس شۆڕشگێڕانە بوو، چونکە دەریخست کە چۆن بنەما کولتوریەکان وەک ڕیکلام و ئەدەبیات و هتد... وەک سیستەمی سیمۆتیک تێگەیشتنی تاکەکان لە جیهان دادەڕێژن، بۆیە کولتور بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان ئاڕاستەدەکرێ، پێشتریش ئەفسانە ڕەوڕەوەی مێژوویی ئاوا درێژە پێداوە(Allen, 2004, 53-59). بە پێچەوانەوە،  پاشان تیۆری پێکهاتەگەرایی لەلایەن کۆمەڵێک بیرمەند ڕووبەڕووی ڕەخنە بوەوە چونکە پێان وابوو کە مانا جێگیر نیە کە بە ڕەوتی دوای-پیکهاتەگەرایی ناسران(Derrida, 1978, 23 ). لەگەڵ ئەوەشدا ڕوانگەی پێکهاتەگەرایی تا ئێستاش لە مێژوونوسی کولتوری و کۆمەڵایەتیدا بە کاریگەری ماوەتەوە.

**٣- بیرمەندەکانی مێژوونووسی پێکهاتەگەرایی:**

مێژوونوسی پێکهاتەگەرایی کە ڕوانگەی مێژوونوسانی لە بنچینەوە گۆڕی بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتن لە ڕابردوو، بە داهێنانی سیستەمێکی بنەڕەتی بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی مەعریفەی مێژوویی، لەلایەن چەند بیرمەندێک ڕابەرایەتی دەکرا کە شۆڕشێکی میتۆدۆلۆژیان هەڵگیرساند لە دەرخستنی ڕۆڵێ زمان و ئایدۆلۆژیا و پێکهاتەکان لە میتۆدی مێژوونوسی دا(Dosse, 1997, xix ; Caws, 1968, 1).

**٣.١ میشێل فۆکۆ:**

میشێل فۆکۆ سەرەتا لە ڕەوتی پێکهاتەیی بوو دواتر بیرۆکەکانی گەشە پێدا لە  ڕەوتی دوای-پێکهاتەیی. فۆکۆ بە شێوازی ئارکیۆلۆجی و توێژینەوە ڕەگەزیەکان-جینۆلۆجی (genealogy) بەناوبانگە کە دواتر بون بە شۆڕشێکی میتۆدۆلۆژی(Foucault, 1996, 140-43 ; Foucault, 1995, 23-29 ; Foucault, 1978, 118-124). ڕێبازە نوێیەکەی (مەعریفە و دەسەڵات) کە بەرەو پێشچونێکی گرنگ بوو لە مێژوونوسیدا، جەختی دەکردەوە لەسەر مەعریفە و دەسەڵات (power and knowledge) لە مێژووی مرۆڤایەتی. فۆکۆ لە کتێبی ئاڕکیۆلۆجی مەعریفە مێژوونوسی نەریتی ڕەتکردەوە، تیشکی خستەسەر پێکهاتەی مەعریفە(structures of knowledge) و پێکهاتە گوتاریەکان(discursive formations) بۆ تێگەیشتن لە واقیعی مێژوویی، هەروەها بەلای فۆکۆ زمان و نەریت و کارەکانی مرۆڤ مێژوویێکی ڕاستەقینەمان پی دەدەن کە تەنها لە رێگەی پەیوەندی

زمان و دەسەڵات دروست دەبێت(Foucault, 1989, 34-48 ; Turkel, 1990, 178 ؛ کۆمەڵێ نوسەر، ٢٠١٦، ١٥).

ڕێبازی فۆکۆ بۆ لێکدانەوەی گوتار و یاسا و کۆدەکان کە مەعریفەی مێژوویی دروست دەکەن بریتیە لە ئارکیۆلۆجی مەعریفە، کە بە مانای هەڵکەندنی شوێنەواری نایەت بەڵکو بە مانای هەڵکەندن و ئاشکراکردنی پێکهاتە شاراوەکانە کە بنەمای مێژوون. لای فۆکۆ، ئارکیۆلۆجی واتە گەڕان بەدوای (مەرجەکانی ئەگەر) (conditions of possibility ) بۆ مەعریفە لە چوارچێوەیەکی تایبەتی مێژوویی( Foucault, 1982, 788 ؛ میراودەلی، ٢٠٢١، ٧). ئەو نیشانیدا کە سیستەمی مەعریفە لە ڕێگەی دابڕانی مەعریفی (epistemic ruptures - epistemological blocks ) لەناکاوەوە دەگۆڕێت نەک پەرەسەندنی وردە وردە(Foucault, 1994, 168 ; Foucault, 2010, 297).

لە کتێبی ڕێکخستن و سزا باس لە جینۆلۆگی-ڕەسەناسیی دەکات. پێکهاتە بنەڕەتییەکانی مەعریفە (epistemes ) چەقی میتۆدی ئارکیۆلۆجی فۆکۆیە، کە کۆمەڵێک یاسا و سیستەمن لە قۆناغە مێژوویە جیاوازەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەبوە بەڵام تا ئێستا قسەیان لەسەر نەکراوە کە دەتوانێ ڕونی بکاتەوە چی بە ڕاست یان ناڕاست دادەنرێ لە مێژوودا(Foucault, 1995, 305؛ میراودەلی،٢٠٢١، ١٠٧ ). میتۆدی ئارکیۆلۆجی فۆکۆ ڕووێکی تری ڕووداو و بەڵگەنامەی مێژوویی دەرخست کە بە ئاشکراکردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان و گریمانە شاراوەکان بوو کە مەعریفە دروست دەکەن، بە واتای ئەوەی چ گوتارێک مەعریفە بەڕێوەدەبات تا درێژە بە دەسەڵات بدات(Foucault, 1989, 135-41 ; Kennedy, 1979, 286).

میتۆدی ئارکیۆلۆجی مەعریفە لە چەند چەمک و لایەنێک پێکدێت. یەکەم، مەعریفە (Epistemes) کە سیستەمی مەعریفەیە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاری کراو دا. دووەم، پێکهاتە گوتاریەکان کە مەعریفە و ڕاستی لە کاتێکی دیاری کراو ڕێکدەخات، سێیەم، یاساکانی پێکهاتن(Rules of formation) بۆ شیکردنەوەی ئەوەی مەعریفە چۆن داڕێژراوە(Turkel, 1990, 171).

چەمکی "دەسەڵات/مەعریفە"یی فۆکۆ ئەوەی خستەڕوو کە گێڕانەوە مێژووییەکان هەمیشە خزمەت بە بەرژەوەندییە تایبەتەکان دەکەن، واتە زانست و زانیاری بێلایەن نین؛ هەر جۆرە زانینێک دەسەڵاتێک دروستدەکات، هەر دەسەڵاتێکیش زانینێکی تایبەت بە خۆی بەرهەمدەهێنێت بۆ ئەوەی خۆی بسەلمێنێت. واتە پەیوەندییەکە دوولایەنە. (Foucault, 1995, 27). هەروەک فۆکۆ گوتویەتی، "ڕاستی شتێکی ئەم جیهانەیە: تەنیا بەهۆی چەندین جۆری سنووردارکردنەوە بەرهەم دێت"( ; Foucault, 1980, 131 ). تێڕوانینەکانی فۆکۆ بوە ئالەنگاری بۆ مێژوونوسان تا بە شێوازی نوسینەکانیان دابچنەوە، بەوەی چی تر بە دوای ڕاستیەکی چەسپاو نەگەڕێن بەڵکو بەدوای پێکهاتەیی دەسەڵات و مەعریفە و گوتار بگەڕێن.

**٣.٢ لویس ئاڵتۆسەر:**

لویس ئاڵتۆسەر یەکێکی ترە لە بیرمەندەکانی ڕەوتی پێکهاتەگەرایی کە ئەم تیۆرەی لەگەڵ مارکسیزم تێکەڵ کرد بە داڕشتنەوەی پێکهاتەی ئایدۆلۆژیا و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان(Althusser, 2005, 131-36 ; Collier, 1988, 545-48). یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی (خوێندنەوەی سەرمایە) کە بە هاوبەشی لەگەڵ ئێتیان بالیبار پێکهاتەی بەکارهێنا لە تیۆری مارکسی بەوەی کە خەباتی چینایەتی بزوێنەری سەرەکی مێژوویی نیە، بەڵکو پێکهاتەی ئایدۆلۆژی بزوێنەرە کە کولتور، ئاین، پەروەردە و میدیا، هتد... ڕۆڵی سەرەکیان هەیە. ئاڵتۆسەر دەڵێ "ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی بیرۆکە و ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕ و بەهاکان دا، درێژەی پێ دەدرێ بۆ چەسپاندنی دەزگاکانی ئایدۆلۆژیای دەوڵەت (ISA)" (Balibar, 2015, 1-20 ; Althusser, 2012, 79-81). ئاڵتۆسەر دوپاتی دەکردەوە کەوا "ئایدۆلۆژیا نوێنەرایەتی پەیوەندی خەیاڵی تاک لەگەڵ بارودۆخی ژیانی ڕاستەقینەی دەکات"(Althusser, 2001, 162).

بۆیە ئالتۆسەر سەر لەنوێ لێکدانەوەی بۆ بەرهەمەکانی کارل مارکس کرد، ڕایگەیاند کە مێژوو تەنها لەسەر چەوساندنەوەی ئابوری و چینایەتی و خەباتی کرێکاران نەوەستاوە، بەڵکو بزوێنەری مێژوو پێکهاتە ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتیەکانن(Leopold, 2013, 23-25 ; Smith, 1989, 507). دەزگاکانی ئایدۆلۆژی دەوڵەت (ISA) بۆ گواستنەوەی ئایدۆلۆژیا و بەها کۆمەڵایەتیەکان بەکاردێن کە تەنانەت خێزانیش بەشێکە لێی، تاوەکو بیروباوەر و ڕەفتاری تاکەکان داگیربکات بە نائاگایی و بەبێ توندوتیژی. بەمجۆرە دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەت (ISAs) وەک قوتابخانە و میدیا و پەرستگا هتد... کە ئایدۆلۆژیا بڵاو دەکەنەوە، جیاوازە لە ئامێرە سەرکوتکەرەکانی دەوڵەت (RSA) کە سوپا وپۆلیس دەگرێتەوە(Balibar, 2015, 143 ; Althusser, 2014, 135-139).

چەمکی حەتمیەتی (overdetermination ) ئالتۆسەر دەریخست کە ڕووداوە مێژووییەکان لە ئەنجامی چەندین هۆکاری پێکهاتەییەوە ڕوودەدەن وەکو کولتووری، ئابوری، ئایدیۆلۆژی و ڕامیاری. هەروەها پێکهاتەی ئایدۆلۆژی بەردەوامی دەدات بە پەیوەندیە سەرمایەداریەکانی بەرهەم هێنان چونکە تاک ڕادەهێنن پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی قبوڵ بکات(Althusser, 2005, 113 ; Park, 2013, 328-337 ). ئەمەش دەرخەری ئەوەیە هۆشیاری تاک(consciousness ) و خەباتی چینایەتی(class struggle ) بزوێنەر نین بەڵکو ئەو پێکهاتە ئایدۆلۆژیانەن کە تاکی پێ جۆش دەدرێ و بزوێنەرە بۆ گۆڕانکاری مێژوویی(Smith, 1989, 497). ڕێبازی زانستی ئالتۆسەر دەرگای نوێی کردەوە بۆ وردبونەوە لە پەیوەندی ئالۆزی ئایدۆلۆژیا و دەسەڵات لە گۆڕانی مێژوویی، کاریگەری زۆری لەسەر بیرمەندان و مێژوونوسان هەبوو کە بە چاویلکەیەکی نوێ بنوسن(Benton, 1998, 195).

**٣.٣ کلۆد لیڤی-شتراوس :**

کلۆد لیڤی-شتراوس یەکێکی ترە لە پێشەنگەکانی ڕەوتی پێکهاتەگەرایی بە تایبەت لە بواری مرۆڤناسی، کە تێگەیشتنی زانایانی گۆڕی لەسەر کولتور و کۆمەڵگا و مرۆڤناسی بە توێژینەوەکانی لە پێکهاتەی کولتوری، ئافسانە و پەیوەندی خزمایەتی. هەروەها ئەو پێکهاتە نائاگایانەی ڕونکردنەوە کە بیرکردنەوە و ڕەفتار و ڕێکخستنی تاکەکان دروست دەکەن وەک ئەفسانە بە نمونە. ئەو پێکهاتانە وەک کولتور و کۆمەڵگە دەکرێ لەرێگەی زمان و خزمایەتی و ئەفسانە کاریگەریان ئاشکرابکرێت(Rotenstreich, 1972, 506 ; Haskeil, 2008, 82). هەروەک لیڤی دەیگوت "بەبێ لەبەر چاو گرتنی قۆناغی مێژوویی یان ئاستی گەشەسەندنی تەکنەلۆژی لە هەموو کۆمەڵگاکان دا، پێکهاتەیەکی مەعریفی هاوبەش هەیە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەکەدا ئەویش ئەفسانەیە"(Lévi-Strauss, 1955, 429).

لە کتێبی مرۆڤناسی پێکهاتەیی، لیڤی شتراوس ئەفسانەی بە سیستەمێکی ڕەمزی داناوە بە واتای ئەوەی ئەفسانە هەرچەندە ڕەنگدانەوەی واقیعە بەڵام لەهەمان کاتدا بەرهەمهێنانیان پرۆسەیەکی قوڵە لە کولتور و مەعریفەی ئەو کۆمەڵگای کە بەرهەمی دەهێنێت. لیڤی پێی وایە کە ئەفسانە وەک زمان بە یاسا کار دەکات بۆ ئەمەش سودی لە پێکهاتەی زمانەوانی فێردیناند دی سوسێر وەرگرت. بۆیەش ئەفسانە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی کولتوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانن و بەرهەمی پێکهاتەی مەعریفەیە (Lévi-Strauss, 1963, 5-18 ; Culler, 1975, 7-12).

لە ڕوانگەی لیڤی ئەفسانە مانایەکی گەورەی هەیە، بۆیەش چیرۆکێکی گۆشەگیر و تاکەکەسی نیە، هەروەها دوانەیی دژبەیەک (Binary Oppositions ) بنچینەی ئەفسانەن وەک (ژیان و مردن، هتد...) کە چەڤی بیرکردنەوەی مرۆڤن و کولتور ڕێکدەخەن، پێکهاتەی دەرونی مرۆڤن کە گرنگن بۆ لێکدانەوەی جیهان. وەک لیڤی دەڵێ "دژایەتیەکان تەنها کولتوری و زمانەوانی نین بەڵکو لە عەقڵی مرۆڤ ڕەگو ڕیشەیان هەڵێنجراوە". ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە ئافسانە تەنها چیرۆکێک ناپێتەو نیە بەڵکو ڕەنگدانەوەی کولتورێکی دیاری کراوە(Lévi-Strauss, 1963, 85-94 ; Dundes,

40-46 ,1997). بەڵام لای لێڤی "ئامانجی سەرەکی ئەفسانە ئەوەیە کە شێوازێکی لۆژیکی دابین بکات تا بتوانێ بەسەر دوانەیی دژبەیەک سەرکەوێ" (Lévi-Strauss, 1955, 443 ; Leach,
2004, 112).

لێڤی شتراوس ئەو پەرەسەندنە مێژووییەی(Historical Evolutionism) ڕەتکردەوە کە لە سەدەی نۆزدەهەم لە بواری مرۆڤناسی هەبوو، کە بیرمەندانی وەک لویس هێنری مۆرگان وئیمیل دورکهایم باوەڕیان پێی هەبوو کە هەموو کۆمەڵگاکان بە کۆمەڵێک قۆناغی زنجیرەیی پەرەسەندندا ڕۆیشتون. لێڤی دەڵێت پێشکەوتنی هێلی (linear progression) لە گەشەکردنی کولتور و کۆمەڵگاکان نیە بەڵکو بەهۆی پێکهاتەی مەعریفە قوڵەکان کۆمەڵگا دروست دەبێ و دەگۆڕێ(Lévi-Strauss, 112-116 ,1966). هەروەها دەکرێ کۆمەڵگاکان لە دەربڕینی کولتوری و بەها کۆمەڵایەتیەکان جیاواز بن، بەڵام لە ئاستێکی وردتر هەمان پێکهاتەی گشتگیری مەعریفیان هەیە. لێڤی دژی مادیگەرایی مێژووی بوو لە گەشەندنی کۆمەڵگاکان، دەیگوت گەشەکردن لە سیستەمێکی مانا دروست دەبێ کە پێکهاتەی نائاگای قوڵی لە پشتە. لە ڕوانگەی لێڤی بۆیە پەرەسەندنی مێژووی هەڵەیە چونکە کە "عەقڵی 'ساویلکە' بەقەد عەقڵی 'شارستانی' ئاڵۆزە" (Haskeil, 2008, 82 ; Strauss, 1966, 219 ؛ بغورە، ٢٠٠٢، ٤٣).

**٤- کاریگەری وەرچەرخانی زمانەوانی لە میتۆدی مێژوونووسیدا:**

سەرهەڵدانی تیۆری پێکهاتەگەرایی وەچەرخانێکی بێ ئەندازەی لە میتۆدی مێژوونوسی دروست کرد کە نیوەی دووەمی سەدەی بیست بەتایبەت لە شەستەکان کە بە وەچەرخانی زمانەوانی دەناسرێت. ئامانجی سەرەکی ئەوەبوو کە زمان تەنیا ئامراز نیە بەڵکو پێکهاتەیەکی چالاکە بۆیەش مێژوونوسی نەریتی ڕەتکردەوە دژی ئەزمونگەراکان وەستایەوە(Rorty, 1992, 9). بیرمەندانی وەرچەرخانی زمان پێیان وایە کە مێژوو تەنها ئاشکراکردنی بەڵگە و دەق نیە، بەڵکو دەبێ شیکردنەوە بۆ ئەو گوتارانە بکرێ کە بەرهەمی زمانەوانی کولتورین. هەروەها چونکە زمان نێوەندگیرە بۆ گەیشتن بە ڕاستی دەبێ مەعریفەی مێژوویی لەڕێی پێکهاتەی زمان تێبگەین بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی زمان و دەسەڵات لە گێرانەوەی مێژوویی دا، واتە ئەو نوێنەرایەتیە دروستکراوەیە یان درۆینەیە کە زمان و دەسەڵات دروستیان کردوە(Spiegel, 2005, 1-25 ; Canning, 1994, 368-74).

هەر وەک پێشتر باسمان کرد وەرچەرخانی زمان لەگەڵ تیۆری زمانەوانی فێردیناند دی سوسێر دەستی پێکرد کە دواتر بوە بناغەی مێژوونوسی نوێ. سوسێر جەختی کردەوە کە زمان تەنها واقیع نیە، بەڵکو زمان مانا پێک دەهێنێ، هەورها زمان سیستەمی ڕەمزییە(Saussure, 1959, 67). زمان ئاوێنەی هەستکردنمانە بە جیهان، پۆلینکاری دەکات کە کاریگەری هەیە لەسەر ڕووداوی مێژوویی و کۆمەڵگە و سروشت. هەر بە پیێ ئەو تیۆرە، گێرانەوەی مێژوویی کە بە زمان نوسراوە لە پێکهاتەی زمان دروست بوون کە ئەو زمانەش لە لایەنی کۆمەڵایەتی، کولتور و ئایدۆلۆژیا هەڵێنجراوە(Jackson, 2014, 60-63 ; Saussure, 1959, 67-81).

بەر لە وەرچەرخانی زمانەوانی، مێژوونوس وەک بکەری ئاشکراکردنی ڕاستی تەماشا دەکرا کە بابەتیانە باس لە ڕووداوەکان بکات، بەڵام وەرچەرخانی زمانەوانی دژی ئەو بۆچونە بوو و، پێی وابوو گێڕانەوەی مێژوویی مەبەستدار بووە هەروەها گێرانەوە بە لێکدانەوە و هەڵبژاردن و زمانی مێژوونوس چەکدار کراوە، بۆیە هەمیشە چوارچێوەی مێژوویی و سیاسی و کولتوری گێڕانەوەی مێژوویی پێکدەهێنن(Canning, 1994, 369 ; Surkis, 2012, 702-3). ئەم وەرچەرخانە بوە هۆی پرسیاری ئەوەی کێ مەعریفەی مێژوویی دروست دەکات؟ بە چ مەبەستێکە و کێ سودی لێ وەردەگرێت؟ بۆیە گێڕانەوەی مێژوویی لە ژێرکاریگەری هێزی کولتوری و ئایدۆلۆژی هەنوکەیی دایە. لە ئەنجامدا ڕێگای جێگرەوە داهێنرا لە مێژوونوسی وەک مێژووی زارەکی، هەروەها

دەرکەوت ئەو پۆلینبەندیەی کە بۆ مێژوو دەکرا بەرهەمی سیستەمی زمانەوانی بوون وەک چەمکەکانی چین، نەتەوە، شۆڕش(Surkis, 2012, 704-9 ; Canning, 1994, 370).
میشێل فۆکۆ یەکێک بوو لەو بیرمەندانەی کە زۆر جەختی لەسەر پێکهاتەی زمانەوانی دەکردەوە لە پەیوەندی زمان و مێژوو، هەروەها لای ئەو مێژوو بە گوتاری دەسەڵات پێکدێت، کە گوتار بریتیە لە سیستەمێک کە زمان و نەریت و کردارەکان دەگرێتەوە. فۆکۆ دەیگوت گوتارەکان گێڕانەوەی مێژوویی پێناسە دەکەن، بۆ نمونە، لە کۆمەڵگە تێڕوانین بۆ ڕەگەز و تاوان و شێتی هتد... لە ڕێگەی گوتاری باڵادەست واتە دەسەڵات (dominant discourses) دروست دەبن(Foucault, 1994, 168 ; Wetherell, 2001, 72-78). کەواتە مێژوونوسانیش بەشێکن لە سیستەمی دەسەڵات و مەعریفە( Foucault,1995, 27 ). فۆکۆ پێی وابوو قۆناغە مێژوویەکانیش لەڕێگەی پێکهاتەی گوتاری دروست دەبن کە بە سیستەمی بانگەشە (systems of statements) دەناسرێت (Foucault,1989, 48-53). زیاتر لەمبارەوە، تەنانەت هایدن وایت کە بیرمەندی دوای-مۆدێرنیزمە لە شاکارەکەی کە مێتامێژووە، دەڵێ زمان و پێکهاتەی گێڕانەوەی مێژوونوسان بە تۆی ئایدۆلۆژی ئاو دراون، هەروەها مێژوونوسان شێوزای ئەدەبی بەکاردێنن بۆ گێرانەوە وەکو ڕۆمانسیەت بۆ سەرکەوتن، کارەسات بۆ کەوتن، کۆمیدی بۆ ئاشتەوایی و تەنز بۆ دووبارەبونەوەی بەردەوام(White, 2014, 73 ; White, 1974, 277-88 ; White, 2003, 26-30). واتە گێڕانەوەی مێژوونوس لە ڕێگەی زمان پێکهاتەی ڕووداو دروست دەکات و مانای پێ دەبەخشێت (White, 1984, 24-29).
پێکهاتەگەرایی جەخت دەکاتەوە کە کۆدە کولتوریەکان کە بنەمای زمانن لەگەڵ ئەو زمانەی مێژوونوس بەکاری دێنێت گێرانەوەی مێژوویی دروست دەکەن، هەروەها ئەفسانە و گوتار و ئایدۆلۆژیا لەسەردەم و کولتوری مێژوونوس ئاڕاستەی گێڕانەوەکە دیاری دەکەن، بۆیەش مەعریفەی مێژوویی ڕاستیەکی چەسپاو نیە، بەڵکو سیستەمی زمان ئەو مەعریفەیە بەرهەم دێنێ کە جۆش کراوە بە لایەنی سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی و ئابوری سەردەمی خۆی( Surkis, 2012, 719 ; Canning, 1994, 378-384).
لە ئەنجامی وەرچەرخانی زمانەوانی میتۆدی مێژوویی بەشێوەیەکی بنچینەیی گۆڕانی بەسەرداهات. یەکەم سەرچاوە مێژوویەکان فراوانکران هەر لە گێرانەوەی کەسی تا بەڵگەنامەکان ئەویش بە لێکدانەوەی پێکهاتەی زمانەوانیان(Scott, 2018, 54-56 ; Spiegel, 2005, x). دووەم، مێتۆدی شیکاری نوێ داهێنرا بۆ بەرهەمهێنانی مانا بۆ نمونە لێکدانەوەی گوتار و هەڵوەشاندنەوە( deconstruction)(Derrida, 1976, 158 ). لە کۆتایدا ڕەنگدانەوەی زیاتری هەبوو لەسەر مێژوونوسان بەوەی ئاگاداری گێرانەوەکانیان بن(Jenkins, 1991, 41-43).

**٥- میتۆدەکانی مێژوونووسی پێکهاتەیی لای بیرمەندانی پێکهاتەگەرایی:**

بەپێچەوانەی مێژوونوسی نەریتی کە مێژووی بە هێڵێکی ڕاست(linar ) دادەنا و لە کرداری تاکەکەسی کۆی دەکردەوە، مێژوونوسی پێکهاتەگەرایی شیکاری سیستەم و پێکهاتە بنەڕەتیەکانی دەکرد. بۆ ئەو مەبەستەش چەندین مییتۆد و شێوازی نوێیان بەکارهێنا تا ئەو پێکهاتە قوڵ و نائاگایانە ئاشکرا بکەن کە بنچینەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کولتورین(Pace, 1978, 283-91 ; Lloyd, 1991, 208-209 ; Koval'chenko, 1978, 6). یەکێک لەو میتۆدە سەرەکیانەش شیکاری پێکهاتەیە (structural analysis )، کە لێڤی شتراوس بەکاری هێنا لە سیستەمی خزمایەتی و ئەفسانە بۆ ئاشکراکردنی پێکهاتە و سیستەمی بەڕێوەچونی کۆمەڵگاکان(Lévi-Strauss, 1991, 86 ; Rotenstreich, 1972, 490).
ڕێبازێکی تری بنەڕەتی لەم ڕەوتە شیکاری سیمۆتیکە (semiotic analysis). ئەو شێوازە سەرەتا لە پێکهاتەی زمانەوانی سوسێردا سەریهەڵدا، کە لێکدانەوە دەکات بۆ ئاشکراکردنی ڕۆڵی پێکهاتە کولتوریەکان لە دروستکردنی مانا، هەروەها دەق و ڕووداوی مێژوویی وەکو سیستەمی ڕەمزی

دادەنا. بەڵام دواتر ڕۆلاند بارتس بەکاریهێنا بۆ دۆزینەوەی مانا و پێکهاتە ئایدۆلۆژیە شاراوەکان وەک، ئەدەبیات و ڕیکلام و ئەفسانە لە گێرانەوەی مێژوویی(Barthes, 1972, 108-111 ; Bouzida, 2014, 1001-05).

میتۆدێکی تر دووانەیی دژبەیەکە (Binary Oppositions) کە پێکهاتەگەراکان بەکاری دێنن، بەتایبەت لیڤی شتراوس کە پێی وابوو دژایەتیەکان وەک (سروشت و کولتور، ژیان و مردن، هتد...) پێکهاتەی کولتوری و کۆمەڵایەتی پێک دەهێنن چونکە کاریگەریان هەیە لە تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ دەوروبەرەکەی. شتراوس لە شیکردنەوەی ئەفسانە بەکاری هێنا بۆ ئاشکراکرنی پێکهاتە مەعریفی و نائاگاکان(Lévi-Strauss, 1963, 85-94 ; Dundes, 1997, 40-46).

ڕێبازی ئارکیۆلۆجی مەعریفەی میشێل فۆکۆش کە پێی وابوو پێکهاتەکانی گوتار (discursive formations) پرۆسەی مێژوویی دروست دەکات، بەتایبەت گوتاری دەسەڵات کە مەعریفە دروست دەکات(Foucault, 1989, 34-48 ; Turkel, 1990, 178). فۆکۆ شێوازێکی تریشی بەکارهێنا بۆ گەشەندنی مێژوویی کە بە جینۆلۆجی (ڕەچەڵەکناسی) دەناسرێت بۆ دەرخستنی پێکهاتەی دەسەڵات لە دارشتنی مەعریفە وەک ڕۆڵی سزا لە کۆمەڵگەدا (Foucault, 1995, 305).

لویس ئالتۆسەر ڕێگایەکی تری گرتبەر بۆ شێکردنەوەی گێرانەوەی مێژوویی کە ئەویش پێکاهاتەی ئایدۆلۆژیە (ideological structures) کە جەختی کردەوە ئایدۆلۆژیا سەرەکیە لە پرۆسەی مێژوویی لەرێگەی دەزگاکانی دەوڵەت بڵاودەکرێتەوە وەک پەروردە و ئاین(Althusser, 2005, 131-35 ; Collier, 1988, 545-48). هەروەها شیکاری تۆرئاسا(Network Analysis).

پێکهاتەگەرایی مەعریفی (Cognitive Structuralism) شێوازێکی ترە کە بەکارهاتوە لە مێژوونوسی پێکهاتەیی کە لەژێر ڕۆشنایی تیۆرە دەرونیەکان دەرکەوت، ڕۆڵی هۆشیاری بە کۆمەڵ(collective consciousness) و توانای هزری لە گەشەسەندنی مێژوویی ئاشکرا دەکات( Piaget, 1970, 74-79 ). هەروەها میتۆدی چەندایەتی(quantitative approach) و میتۆدی ئاماری(statistical methods) لەلایەن هەندێک بیرمەندی ئەو ڕەوتە بەکارهاتوە بۆ شیکاری مێژوو لە ئاستێکی فراوان وەک داتاکانی دانیشتوان، کۆمەڵایەتی و ئابوری، کە دواتر زۆر پێکهاتە و لایەنی ژیانی ڕابردووی دەرخست(Koval'chenko, 1978, 4 ; White, 2018, 374-76). دواتر ئەو شێوازە ڕێگای خۆشکرد بۆ شیکاری بۆشایی (Spatial Analysis) لەسەر بنەمای پێکهاتەگەرایی جوگرافی براودێل کە کاریگەری خاک و تەنەکان لەسەر گەشەسەندنی شارەکان و دابەشکردنی سنورەکان ئاشکرا دەکات(Pettit,1975, 1 ; Lefebvre, 1991, 89). لە کۆتایدا، شێوازی بەراوردکاری (Comparative) لە ڕەوتی پێکهاتەگەرایی بەکارهاتوە بۆ توێژینەوە لە پێکهاتەی کولتور و کۆمەڵگە جیاوازەکان لە کات و شوێنی جیاوازدا بۆ دۆزینەوەی پیکهاتە گشتگیرەکان لە جیهاندا(Dumont, 1960, 98-102).

**٦. ڕەخنەکان لە تیۆری پێکهاتەگەرایی:**

هەرچەندە مێژوونوسی پێکهاتەگەرایی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شیکاری مێژوویی دروست کرد بەڵام ڕووبەڕووی ڕەخنەی بەرچاو بوەوە، کە دواتر لەسەر بنەمای ئەو ڕەخنانە ڕەوتی دوای-پێکهاتەگەرایی دروست بوون بە ڕەخنەگرتن لە دژایەتی دوانەیی و پێکهاتە جێگیرەکان، چونکە ئەوان جەختیان لە پێکهاتەی دەسەڵات و گوتار و شلی یان نەرمی مێژوو دەکردەوە(Derrida, 1976, 157-59 ; Foucault, 1989, 49-51).

یەکێک لەبەرچاوترین ڕەخنەکان لە پێکهاتەگەرایی ئەوەیە کە زۆر جەخت لەسەر پێکهاتەکانی وەک ئایدۆلۆژیا، ئابوری و مەعریفە دەکاتەوە، ڕۆڵی ئاژانس (agency) واتە دەزگای تاکەکەسی پشتگوێ دەخات و بکەری مێژوویی یان پاڵەوان وەک ناکارا (Passive) و بەشێک لە ڕژێمێکی گەورەتر لەخۆی نیشاندەدات(Jenkins, 1991, 15-20 ). بۆیەش ڕەخنەی ئاڕاستەکرا بەوەی کە ڕۆڵ و

هەڵبژاردە و هەستەکانی مرۆڤی لە گۆڕانکاری مێژوویی پشتگوێ خستوە(Evans, 1997, 252-53). بۆ نمونە لە کاتێکدا پێکهاتەگەراکان لە ڕووی ئابوریەوە شۆڕشی فەرەنسیان شیکردەوە و ، ڕۆڵی مرۆڤیان وەک سەرکردە و ئایدۆلۆژیا پشتگوێ خست کە تا ئەو کاتە مێژوونوسان پەیڕەویان دەکرد (Hobsbawm, 1997, 130). بە هەمان شێوە، پییر بۆردیۆ پێی وایە کە لە پێکهاتەگەرایی دا ڕۆڵی دەزگای کۆمەڵایەتی و تاک پشتگوێ خراوە و، زۆر تیشک خراوەتە سەر پێکهاتەی دەرونی، بەڵام زۆر جار ڕەفتاری مرۆڤ هەر ئەم پێکهاتەیە نیە (Bourdieu, 1977, 72 ; Bourdieu, 1968, 681-84).
ڕەخنەیەکی تر کە لەم ڕەوتە گیراوە ئەوەیە کە مێژوو حەتمیە (Determinism) و بێ لەبەر چاوگرتنی ڕووداوەکان و پشتگوێیان دەخات (Neglect of Contingency)، چونکە لە ڕوانگەی پێکهاتەگەراکان کە پێکهاتە لەبار بوون و هاتنەکایەوە ئەو کاتە ڕووداویی مێژوویی حەتمەن دەبێ ڕووبدات (inevitable)، بۆیەش ڕەخنەی لێگیراوە چونکە مێژوو زۆرجار بە ڕێکەوت دروست دەبێت یان لە ئەنجامی ململانێ و هۆکاری تر( Derrida, 1976, 163). وەک ڕوخانی دیواری بەرلین کە هەر تەنها گۆڕانی پێکهاتەی جەنگی سارد نەبوو بەڵکو بەشی زۆری لە ئەنجامی گۆڕانکاری کولتوری و چالاکی سیاسی بوو(Gaddis, 2005, 243).
بیرمەندانی ڕەوتی دوای-پێکهاتەگەرایی ڕەخنەی قوڵ و بنچینەیی لە پێکهاتەگەرایی دەگرن. دریدا لە کتێبی 'لە ڕێزماندا' ڕەخنەی زۆری لە دوانەیی دژبەیەک گرتوە و هەڵیوەشاندۆتەوە( Deconstruction) چونکە لە ڕوانگەی ئەو ئەو دژایەتیە سروشتی نیە بەڵکو پلەبەندیە و لەڕووی کولتوری دروست کراون(Derrida, 1976, lviii- lxxxvi ; Chaudhary, 2025, 168). جیا لەوەش دریدا بە چەمکی جیاوازی(différance) سەرلەبەری تیۆری پێکهاتەگەرایی هەڵوەشاندەوە کە پێیان وابوو پێکهاتە جێگیرە، هەروەها دریدا تیشکی خستەسەر ئەوەی کە زمان شل و نەرمە و شیکاری نوێی مێژوویی داهێنا، دریدا گوتی''مانا هەرگیز جێگیر نیە، هەمیشەش دواخراوە'' (Derrida, 1976, 140-43). زیاتر لەمبارەوە، فۆکۆ کە سەرەتا لە ڕەوتی پێکهاتەگەراکان بوو، دواتر لەرێگای ڕەخنەکانی بووە بەشێک لە ڕەوتی دوای-پێکهاتەگەرایی لە کتێبی ئارکیۆلۆجی مەعریفە ڕەتی کردەوە پێکهاتە جێگیر و دیاریکراو بێت. لە ڕوانگەی فۆکۆ مەعریفە لەرێگای گوتار و پەیوەندیەکانی دەسەڵاتەوە بەرهەمدێت نەک لە پێکهاتە گشتگیرەکان وەک چەمکەکانی شێتی و تاوانکاری کە دەسەڵات بۆ مەبەستی خۆی بەکاریهێناون(Foucault, 1989, 131; Turkel, 1990, 178). بۆیەش فۆکۆ دەڵی کە گوتارە گۆڕاوەکان(shifting discourse) مەعریفە دروست دەکەن نەک یاسا نەگۆڕەکان(immutable law)، لەبەر ئەوە مەعریفە هەردەم کاتیە(provisional) و هەمیشەیی نیە( Foucault, 1995, 27 ; Wodak, 2018, 74).
مارکسیەکان ڕەخنەی جیاوازیان ئاڕاستەی پێکهاتەگەراکان کردوە. مێژوونووسی مرۆڤدۆستی مارکسی ئی.پ. تۆمسن لە کتێبی "هەژاری تیۆری" ڕەخنەی لە مارکسیزمی پێکهاتەیی لویس ئاڵتوسەر گرتوە بەوەی ململانێی چینایەتی و ئەزمونی ژیانی پشتگوێ خستوە هەروەها مێژووی کەمکردۆتەوە بۆ سیستەمی تیۆری یان ناپتەو (abstract systems). تۆمسن دەڵێ حەتمیەتی مێژوویی (historical determinism) پێکهاتەگەرایی بەهای دەزگای چینی کرێکاری پشتگوێ دەخات و تاک وەک بەرهەمی سستی ئایدۆلۆژیا دادەنێ(Thompson, 1978, 96 ; Fuchs, 2019, 3-4). تۆمسن لە کتێبی "چینی کرێکاری ئینگلیزی" دەڵێ چینی کرێکاران لەرێگەی شۆڕش و بەرخودان هزری خۆیان دروست کردوە نەک پێکهاتەیی ئابوری(Thompson, 2016, 9-17).
تۆپسن مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە ئاڵتوسەر توانای شۆڕشگێڕی لە مارکسیزم سەندۆتەوە بەوەی بچوکیکردۆتەوە بۆ دژە-مرۆڤایەتیەکی تیۆری (theoretical anti-humanism)(Thompson, 1978, 131 ; Fuchs, 2019, 8). ئیزایا بەرلین یەکێکی ترە لە بیرمەندە مرۆڤدۆستە لیبراڵەکان کە

دژی دیاریکردنی مێژوویی پێکهاتەگەرایی بوو بە نکۆڵیکردنی ئازادی مرۆڤی دەبینی، لە کتێبی " مێژوو هەردەبێ ڕوودات" دژی ئەوەبوو کە یاسای نەگۆڕ مێژوو دروست دەکەن، جەختیکردەوە کە ڕۆڵی تاک و ڕووداو بنچینەیین لە مێژوو(Berlin, 1969, 112). لە کۆتایدا، ڕیمۆند ویلیامز کە سەر بە مادیگەرایی کولتوریە لە کتێبی "مارکسیزم و ئەدەب" ڕایگەیاند کە پێکهاتەگەرایی گۆڕانی کولتوری و ململانێی چینایەتی لە شیکاری مێژوویی دەرهێناوە، هەروەها پێکهاتەگەراکان کولتوریان بە نەگۆڕ داناوە، بەڵام مرۆڤ ئایدۆلۆژیا دادەڕێژێتەوە(Williams, 1977, 19 ; Snedeker, 1993, 113).

بیرمەندانی قوتابخانەی ئەنالیس وەک ڕۆی لادوری ڕەخنەیان لە پێکهاتەگەراکان گرت چونکە باوەڕیان بە ژیانی خەڵکی و مایکرۆ مێژوو (وردە مێژوو) (Microhistory) نیە، لە کتێبی مۆنتایلۆ کە باس لە ژیانی سادەی جوتیاران دەکات لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ڕێگای تۆمارەکان بۆ شیکاری مێژوویی(Ladurie, 1978, vii-xvi ; Clark, 1999, 285).

بیرمەندانی فێمێنیزمیش بەشێکن لەم ڕەخنانەی ئاڕاستەی پێکهاتەگەراکان دەکرێت بە ئاشکراکردنی دوانەیی ڕەگەزی (Gendered Binaries). جوان سکۆت لە کتێبی "ڕەگەز و سیاسەتی مێژوو" دەڵێ پێکهاتەگەرایی جیاوازی کردوە لەنێوان نێر و مێ، هەروەها پیاوسالاری(patriarchy) بەسەردا زاڵە چونکە ژنانی پۆلین نەکردوە لە چینی کرێکاران(Scott, 2018, 57). هەروەها جودیس باتلەر ڕەخنەی لە زمانەوانی پێکهاتەگەرایی گرت چونکە سروشتی پیاوسالاریان بەسەردا زاڵە وەک چەمکی خزمایەتی، بۆیەش پێکهاتەگەرایی بە ڕەگەز کوێر(gender-blind) ناوبرد(Butler, 1999, 48-51 ; Silverman, 2009, 134-43).

بیرمەندان لە تیۆری دوای کۆلۆنیالیزم بە هەمان شێوە ڕەخنەیان لە پێکهاتەگەرایی گرتوە، وەک دیپێش چاکرابارتی لە بەرهەمی "بەلادێکردنی ئەوروپا" گوتی پێکهاتەگەرایی تەنها باس لە ئەوروپا دەکات و ئەزمونی گەلانی تر پشتگوێ دەخات(Chakrabarty, 1992, 351-54 ; Dutta, 1992, 510).

زۆر نوسەری تر ڕەخنەیان لە پێکهاتەگەرایی گرتوە، پاوڵ ڕیکۆر فەیلەسوفی لێکدانەوەی دەقی( hermeneutic) فەرەنسی لە بەرهەمی 'ململانێی لێکدانەوەکان' ڕەخنەی توند لە لیڤی شتراوس دەگرێت بەوەی زۆر گشتگیرە لە دوانەیی دژبەیەک واتە گشتاندنی کردوە(Ricoeur, 2004, 32 ; Kurzweil, 2017, 23). پێی وایە کە بیرۆکەکانی ئیمانوێل کانت بەسەر پێکهاتەگەرایی زاڵە بۆیەش پێکهاتەگەرایی ناو ناوە کانتیزم کە هیچ ناوەڕۆکێکی نیە(Ricoeur, 2004, 49). مرۆڤناس ئادەم کوپەر دەڵێ پێکهاتەگەرایی تایبەتمەندی کولتوری پشتگوێ دەخات، چونکە بەهاکانی خزمایەتی و ئاڵوگۆڕکردن زۆرجار دەگۆڕێن لەگەڵ ئەوەش مەرج نیە پێکهاتەی دەرونی گشتگیر هەمیشە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هاوشێوە بەرهەم بێنێت(Kuper, 1983, 53-61; Kuper, 2019, 11-16). فیلیپ پێتی لە شیکاری ڕەخنەگرانە پێی وایە کە پێکهاتەگەرایی خەونی کەلەرەقی (positivist dream) بەسەردا زاڵە بەوەی زۆر سورن لەسەر ڕای خۆیان، هەروەها میتۆدەکەیان زۆر ڕەقە لەگەڵ ئەوەش نابێت ئاماژەناسی(semiology) وەک زانستێکی سروشتی دابنرێت(Pettit, 1977, 45-60). کۆرنێلیۆس کاستۆریادیس لە بەرهەمی 'کۆمەڵەی زاڵ' دەڵێت شیکاری پێکهاتەگەرایی بۆ خزمایەتی و ئەفسانە ڕاست نین بەڵکو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان سەربەخۆن(Castoriadis, 2005, 36-41). یۆرگن هابرماس پێی وایە کە گریمانە پێکهاتەیەکان ناعەقڵانین و لەگەڵ بنەمای کۆمەڵایەتی یەکناگرنەوە(Habermas, 1998, 238-49). ئەنتونی گیدێنز کۆمەڵناسی بەریتانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پێکهاتەگەرایی ڕەتکردەوە لەجیاتی ئەوە تیشکی خستەسەر ڕۆڵی تاک و مرۆڤ(Giddens, 1984, 25 ; Giddens, 2000, 141-45). هەروەها ڕەخنە لە دابەشکردنی کات لای پێکهاتەگەرایی دەگرێت(Giddens, 1990, 81-88). پێیر کلاسترێس دەڵێ مرۆڤناسی

پێکهاتەیی لایەنی کۆمەڵایەتی پشتگوێ خستوە، چونکە شێوازەکانی خزمایەتی و ئەفسانە ناپتەون، هەروەها پێکهاتەگەرایی ئابوری ڕەتکردەوە(Clastres, 1989, 67-76). ڕێنی جیرارد کەسەرەتا لە پێکهاتەگەراکان بوو لە کتێبی 'فێڵ و ئارەزوو و ڕۆمان' باس لە تیۆری لاساییکردنەوە(Mimetic Theory) دەکات کە دەریخست پرۆسەی مێژوویی جێگیر نیە چونکە ئارەزوو لاساییکردنەوەیە نەک پێکهاتەی پێشوەختەی دیاریکراو (Girard, 1965, 2-24 ; Girard, 1978, 33). لە کۆتایدا، هایدن وایت کە سەر بە ڕەوتی دوای-مۆدێرنە ڕەتی کردەوە مێژوو بابەتی و زانستی بێت وەک ئەوەی پێکهاتەگەراکان گەنگەشەی بۆ دەکەن بەڵکو مێژوو نەخشەکێشانە یان پلان بۆ داڕێژراوە (emplotment ) واتە مێژوو لە بنچینەدا گێرانەوەیەکی ئەدەبیە بە چوارچێوەی ئایدۆلۆژی و ڕەوانبێژی(rhetorical)( White, 2014, 5-10 ; White, 2020, 47-49 ).

**ئەنجام:**

لەم توێژینەوە گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

-مێژوونوسی پێکهاتەگەرایی سەرلەبەری کرداری مێژوویی داڕشتەوە بە داهێنانی ئامرازی شیکاری نوێ کە تیشکیان خستە سەر پێکهاتەی گوتاری و سیستەم و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتوری نەک ڕووداو و تاک و هۆکارگەرایی هێلی.

-ڕەوتی پێکهاتەگەرایی سودی لە زانستەکانی تر وەرگرتوە وەک مرۆڤناسی، زمانەوانی، فەلسەفە. بەمەش توانی جێ بە مێژوونوسی نەریتی و ئەزمونی لەق بکات لە جیاتی ئەوە شیکردنەوەیان لەسەر پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کولتوری و ئایدۆلۆژیە قوڵەکان کرد وەک کرۆک و بنەمای دیاریدە مێژووییەکان. هەربۆیەش بەرهەمەکانی سوسێر، ئاڵتوسەر، فۆکۆ، لێڤی شتراوس، لاکان و بارتس کاریگەری فراوانی پێکهاتەگەرایی لەسەر سەرجەم زانستە مرۆیەکان دەردەخەن.

-تیۆری پێکهاتەگەرایی بوە دەستپێک بۆ دروستبونی وەچەرخانی زمانەوانی لە مێژوونوسیدا بۆ وەستانەوە دژی مێژوونوسی ئەزمونی. ئەم وەچەرخانە زمان بە نێوەندگیر دادەنێت بۆ گەیشتن بە ڕاستی، بۆیەش دەبێ لە پێکهاتەی زمان تێبگەین بۆ دەستکەوتنی مەعریفەی مێژوویی، بە تایبەت نوێنەرایی مەعریفە و دەسەڵات کە لە گوتارەوە دروست دەبێت.

-میراتی ڕەوتی پێکهاتەگەرایی بە شێوەیەکی فراوان لە مێژووی هاوچەرخدا بەردەوامە، لە زۆر بواری مێژوویدا بەکار دەهێنرێت، وەکو لە مێژووی شیکاری گوتار، مێژووی بیرۆکەکان، مێژووی هزری، مێژووی کولتوری و مێژووی کۆمەڵایەتی.

-ڕەوتی پێکهاتەگەرایی کۆمەڵێک میتۆدی داهێنا بۆ نوسینەوەی مێژوو کە تەکانیان بە بوارە دا. بەنمونە، شیکاری پێکهاتەیی، شیکاری نیشانەناسی و ئاماژە، دژایەتیە دوانیەکان، ڕێبازی شوێنەوای مەعریفە و پێکهاتەی گوتاری، شێوازی ڕەچەڵەکناسی، شیکاری تۆڕ، پێکهاتەی ئایدۆلۆژی و هتد...

-هەرچەندە بانگەشەی سەرەکی بیرمەندانی پێکهاتەگەرایی کە پێیان وایە کۆمەڵگا مرۆییەکان بە سیستەمی بنچینەیی مانا بەرێوەدەبرێن هێشتا لە بەردەوامە لە گەشەکردن و گفتوگۆ مێژووییەکان، هەروەها بەردەوامە لە پێشکەشکردنی بیرۆکەی نوێ بۆ تێگەیشتن لە زانیاری مێژوویی، بەڵام ئەم ڕەوتە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بۆتەوە. بە تایبەت کە دواتر ڕەوتی دوای-پێکهاتەگەرایی دژی جێگیربونی مانا واستانەوە و بونە ڕەوتێکی نوێ. سەرەڕای کۆمەڵێکی تر لە ڕەخنەی بنەڕەتی کە لەم ڕەوتە گیراون وەکو پشتگوێخستنی ڕۆڵی تاک.

## لیستی سەرچاوەکان

**Primary sources in English:**

Althusser, L. (2012). "Ideology and Ideological State Apparatuses eological (Notes Towards an Investigation)." *In Media and Cultural Studies: Keyworks*. Blackwell Publishing, Oxford, pp. 80-102.

Althusser, L. (2001). *Lenin and philosophy & other essays*.3rd edition. T: Ben B., Monthly Review Press.

Althusser, L. (2005). For Marx. Vol. 2. Verso, London.

Althusser, L. (2014). *On the reproduction of capitalism*. Verso Books, London.

Balibar, E., &Althusser, L. (2015). *Reading Capital*. 4th edition. T: Ben Brewster. Verso Books, London.

Barthes, R. (1972) *Mythologies*.2nd Edition. The Noonday Press, New York.

Barthes, R. (1997). *The Eiffel Tower, and other mythologies*. Univ of California Press, California.

Butler, J. (1999). *Gender Trouble*. 2nd edition. Routledge, New York.

Chakrabarty, D. (1992). "Provincializing Europe: Postcoloniality and the critique of history." *Cultural studies*, 6(3), 337-357. https://doi.org/10.1080/09502389200490221

Derrida, J. (1976). *Of grammatology*. 3rd edition. Jhu Press, Maryland.

Derrida, J. (1978). *Writing and difference*. T: Alan Bass. University of Chicago Press, Chicago.

Foucault, M. (1989). *Archaeology of knowledge*. 3rd edition. T: A. M. Sheridan Smith, Routledge.

Foucault, M. (1978). *The history of sexuality*. volume I. T. Robert Hurley. Panthnon Books, New York.

Foucault, M. (1980). *Power/knowledge*. Editor: Colin Gorden. Pantheon, New York.

Foucault, M. (1982). "The subject and power." Critical inquiry, 8(4), 777-795.

Foucault, M. (1994). *The Order of Things*. 2nd edition. T: Les Mots Choses. Vintage Books, New York.

Foucault, M. (1995). *Discipline & punish*. 2nd edition. T: Alan Sheridan, Vintage Books, New York.

Foucault, M. (1996). *Language, counter-memory, practice*. 8th edition. Cornell University Press, New York.

Foucault, M. (2010). *Aesthetics, method, and epistemology: Essential works of Foucault 1954-1984*. Vol. 2. 2nd Edition. editor: James D. Faubion. Trans: Robert Hurley. The New Press, New York.

Lacan, J. (1966). "The Insistence of the Letter in the Unconscious." *Yale French Studies*, 36(37),112-147.
Lacan, J. (2004). "The mirror stage as formative of the function of the I as revealed." In: Rivkin, J. (ED), *Reading French Psychoanalysis*. 2nd edition. Blackwell Publishing, Oxford. Pp.441-462

Lacan, J. (1999). *Ecrits: A selection*.2nd edition. W. W. Norton & Company, New York.
Ladurie, E. L. R. (1978). *Montaillou*. Penguin, London.
Lévi-Strauss, C, & Patrick, W. (1978). *Myth and meaning*. University of Toronto Press, Toronto.

Lévi-Strauss, C. (1943). "The social use of kinship terms among Brazilian Indians." *American Anthropologist,* 45(3), 398-409. https://www.jstor.org/stable/663177

Lévi-Strauss, C. (1955). "The structural study of myth." *The journal of American folklore,* 68(270), 428-444.
Lévi-Strauss, C. (1965) "The future of kinship studies." *Proceedings of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland,* 1965, 13-22. https://doi.org/10.2307/3031752

Lévi-Strauss, C. (1966). "The scope of anthropology." *Current anthropology,* 7(2), 112-123.
Lévi-Strauss, C. (1981). "Structuralism and myth." *The Kenyon Review*, 3(2), 64-88.

Lévi-Strauss, C. (1991). *Totemism.* Trans: Rodney Needham. 2nd edition, Merlin Press, London.
Lévi-Strauss, C. (1963). *Structural anthropology*. Translation: Claire Jacobson. Basic books, New York.

Lvi-Strauss, C. (1966). *The savage mind*. George Weidenfeld and Nicolson, London.
Saussure, F. (1959). *Course in general linguistics*. T: Wade Baskin. Philosophical Library, New York.

Scott, J. W. (2018). *Gender and the Politics of History*. 2nd edition. Columbia University Press, New York.
Thompson, E. P. (2016). *The making of the English working class*. Open Road Media, New York.
Thompson, E. P. (1978). *Poverty of theory*. Merlin Press. London.
White, H. (1974). "The historical text as literary artifact." *Clio,* 3(3), 277.
White, H. (1984). "The question of narrative." *History and theory,* 23(1), 1-33.
White, H. (2014). *Metahistory: The historical imagination*. JHU Press, Maryland.

White, Hayden. (2013). "The fictions of factual representation." In: Arnold, D. (ED). *Reading Architectural History*. Routledge, New York. 24-33

**Articles:**

Bourdieu, P,, and Angela Z. (1968). "Structuralism and theory of sociological knowledge." *Social Research* 37(4), 681-706. http://www.jstor.org/stable/40969937
Canning, K. (1994). "Feminist history after the linguistic turn: Historicizing discourse and experience." *Signs: Journal of Women in Culture and Society*, 19(2), 368-404. https://doi.org/10.1086/494888
Caws, P. (1968). "What is structuralism?.". *Partisan Review,* 35(1), 1-13.

Chaudhary, V. K. "Deconstruction of Binary Oppositions in Derrida's Literary Philosophy." *Idealistic Journal of Advanced Research in Progressive Spectrums, 4*(2), 159-169. https://journal.ijarps.org/index.php/IJARPS/article/view/837

Collier, A. (1988). "Retrieving Structural Marxism." *International Journal of Human Resource Management*,17(4), 543-552. https://doi.org/10.1080/03085148800000024

Dundes, A. (1997) "Binary opposition in myth: The Propp/Levi-Strauss debate in retrospect." *Western folklore,* 56(1), 39-50. https://doi.org/10.2307/1500385

Dutta, D. K. "Sukhamoy Chakravarty: Structuralist or Institutionalist?" *Indian Economic Review,* 27, 509-519. https://www.jstor.org/stable/29793630

Fuchs, C. (2019). "Revisiting the Althusser/EP Thompson-controversy: Towards a Marxist theory of communication." *Communication and the Public,* 4(1), 3-20. https://doi.org/10.1177/2057047319829586

Girard, R. (1978). "Interview: René Girard." *Diacritics,* 8(1), 31–54. https://doi.org/10.2307/464818

Haskeil, R. E. (2008). "Claude Lévi-Strauss Reconsidered: Cognitive science, epistemology, and the (not so savage) algebraic mind." *Cognitive Semiotics,* 3(1), 65-90. https://doi.org/10.1515/cogsem.2008.3.fall2008.65

Kennedy, D. (1979). "Michel Foucault: The archaeology and sociology of knowledge." *Theory and Society,* 8(2), 269-290. https://www.jstor.org/stable/656905

Koval'chenko, I.D. and Sivachev, N.V., (1978). Structuralism and Structural-Quantitative Methods in Current Historical Research. *Soviet Studies in History*, *17*(2), 3-56. https://doi.org/10.2753/RSH1061-198317023

Kuper, A. (2019). "Deconstructing anthropology: First Annual Stephen F. Gudeman Lecture." *HAU: Journal of Ethnographic Theory,* 9(1), 10-22. https://doi.org/10.1086/703730

Lloyd, C., (1991). The methodologies of social history: A critical survey and defense of structurism. *History and Theory*, *30*(2), 180-219. https://doi.org/10.2307/2505539

McKenna, R. (1976). "Jacques Lacan: An Introduction." *Journal of the British Society for Phenomenology,* 7(3), 189-197. https://doi.org/10.1080/00071773.1976.11006468

Pace, D. (1978). "Structuralism in history and the social sciences." *American Quarterly*, 30(3), 282-297. https://doi.org/10.2307/2712503

Park, H. W. (2013). "Overdetermination: Althusser versus Resnick and Wolff." *Rethinking Marxism,* 25(3), 325-340. https://doi.org/10.1080/08935696.2013.798968

Rotenstreich, N. (1972). "On Lévi-Strauss' Concept of Structure." *The Review of Metaphysics, 25*(3), 489-526. https://www.jstor.org/stable/20126058

Smith, S. B. (1989). "Ideology and interpretation: the case of Althusser." *Poetics Today,* 10(3), 493-510. https://doi.org/10.2307/1772902

Snedeker, G. (1993). "Between humanism and social theory: The cultural criticism of Raymond Williams." *Rethinking Marxism,* 6(1), 104-114. https://doi.org/10.1080/08935699308658046

Surkis, J. (2012). "When was the linguistic turn? A genealogy." *The American Historical Review,* 117(3), 700-722. https://doi.org/10.1086/ahr.117.3.700

Turkel, G. (1990). "Michel Foucault: Law, power, and knowledge." *Journal of law and society,* 17(2), 170-193. https://doi.org/10.2307/1410084

**Secondary books:**

Allen, G. (2004). *Roland barthes*. Routledge, New York.

Berlin, I. (1969). *Historical inevitability: In four essays on liberty*. Oxford university press, Oxford.
Bourdieu, P. (1977). *Outline of a Theory of Practice*. Trans: Richard Nice. Cambridge university press, Cambridge.
Castoriadis, C. (2005). *The imaginary institution of society*. 3rd edition. T: Kathleen B., Polity press, Cambridge.
Clark, S. (1999). *The Annales school: critical assessments*. Vol. 1 & Iv. Routledge, New York.

Clastres, P. (1989). *Society against the state*. 2nd edition. Trans: Robert Hurley. Zone Books. 1989, New York.
Culler, J. (1975). *Structuralist poetics: Structuralism, linguistics and the study of literature*. Routledge, New York.

Culler, J. (1983). *On deconstruction: Theory and criticism after structuralism*. Cornell University Press, New York.

Dosse, F. (1997). *History of structuralism: The rising sign, 1945-1966*. Vol. 1. U of Minnesota Press, Minnesota.

Dumont, L. (1960). *Homo hierarchicus*. Trans: Mark Sainsbury. Oxford University Press, Oxford.
Evans, R.J. (1997). *In defence of history*. Granta Publications, London
Gaddis, J. L. (2005), *The Cold War: a new history*. Penguin, Cape Town.
Giddens, A. (1984). *The constitution of society*.2nd edition. Univ of California Press, California.
Giddens, A. (1990). *Central problems in social theory*.5th Edition. Palgrave Macmillan, London.
Giddens, A. (2000). *Capitalism and modern social theory*24th edition. Cambridge University Press, Cambridge.
Girard, R. (1965). *Deceit, desire, and the novel*. T: Yvonne Freccero. Johns Hopkins Press, Maryland.
Habermas, J. (1998). *The philosophical discourse of modernity*. 6th edition. T: Frederick Lawrence. Polity press.
Hobsbawm, E. J. (1997). *On History*. New Press. New York.
Ingram, D. (2013). *Critical theory to structuralism*. Vol.5. Routledge, New York.

Jackson, L. (2014). *The poverty of structuralism: Literature and structuralist theory*. Routledge, New York.

Jenkins, K. (1991). *Rethinking history*. Routledge, New York.

Kuper, A. (1983). *Anthropologists and anthropology: the British school, 1922-1972*. 2nd edition. Routledge, New York.
Kurzweil, E. (2017). *The Age of Structuralism: From Lévi-Strauss to Foucault*. Routledge, New York.
Leach, E. (2004). *The structural study of myth and totemism*. 2nd edition. Routledge, New York.

Lefebvre, H. (1991). *The Production of Space*. Trans: Donald Nicholson-Smith. 3rd edition. Basil Blackwell, Oxford.
Pettit, P. (1975). *The concept of structuralism: A critical analysis*. Univ of California Press, California.

Pettit, P. (1977). *The concept of structuralism: A critical analysis*. Los Angelos: Univ of California Press, California.
Piaget, J. (1970). *Structuralism*. Trans: Chaninah Maschler. Basic Books, New York.
Ricoeur, P. (2004). *The conflict of interpretations: essay in hermeneutics*. 3rd edition. Continuum. London.
Rorty, R. ed. (1992). *The linguistic turn*. 2nd edition. University of Chicago Press, Chicago.

Schneider, C. (2009). *Encounter Between Eastern Orthodoxy and Radical Orthodoxy.* Ashgate Publishing, Farnham.

Silverman, H. J., ed. (2009). *Questioning foundations*. 2nd edition. Routledge, New York.
Spiegel, G. M., ed. (2005). *Practicing history*. Routledge, New York.

Sturrock, J. (2003). *Structuralism*. 2nd edition. Black well Publishing, Oxford.

Wetherell, M., Stephanie, T., and Simeon, J. Y., eds. (2001). *Discourse theory and practice: A reader*. 4th edition. Sage, California.
Williams, R. (1977). *Marxism and literature*. Oxford University Press, Oxford.
Wodak, R., and Bernhard F., eds. (2018). *The Routledge handbook of language and politics*. Routledge, New York.
Xygalatas, D., & William, M., eds. (2014). *Mental culture: Classical social theory and the cognitive science of religion*. Routledge, New York.

### Book chapter:

Benton, T.(1998). "Louis Althusser." In: Rob. S. (ED). *Key sociological thinkers*,.1st edition. Macmillan Education, London. 189-202.

Giddens, A. (1987)"Structuralism, post-structuralism." In: Giddens, A (ED), *Social theory today* 195. Stanford university press, California, pp.195-224.
Leopold, D. (2013). "Marxism and ideology: from Marx to Althusser." In: Freeden, M. (ED), *The Oxford handbook of political ideologies*. Oxford University press, Oxford, pp. 20-37.

Ungar, S. (2004). "Saussure, Barthes and structuralism." In: Sanders, C. (ED). *The Cambridge Companion to Saussure*. Cambridge University press, Cambridge, 157-171.

White, H. (2020). *Figural Realism: Studies in the Mimesis Effect.* Johns Hopkins University Press, Baltimore.

White, L. (2018). "Combining qualitative and quantitative research: semiotics, structuralism, and content analysis." In: Nunkoo, R.(ED), *Handbook of research methods for tourism and hospitality management*. Edward Elgar publishing, Cheltenham, 373-383.

### Conference:

Bouzida, F. (2014). "The semiology analysis in media studies: Roland Barthes Approach." In *Proceedings of SOCIOINT14-International Conference on Social Sciences and Humanities*, vol. 8, no. 10, pp. 1001-1007.

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

بەرزنجی، ئازاد. (٢٠١٦) بونگەرایی، ڕێبازێکی فیکری و فەلسەفی، یەکەم، سەردەم، سلێمانی.

قەتووس، بەسام. (٢٠٢٣)، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێرانی: تاتانی، محمد، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران، هەولێر.

کۆمەڵێ نوسەر. (٢٠١٦)، فۆکۆ فەیلەسوفی هۆڵی هەشتەم، چاپی یەکەم، سەردەم، سلێمانی.

میران، ڕەشاد. (٢٠٢١)، مرۆڤناسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

میراودەلی، کەمال. (٢٠٢١)، ئارکیۆلۆجی فۆکۆ: فەلسەفەی مەعریفە و دەستەڵات، چاپی دووەم، چاپخانەی مێخەک، سلێمانی.

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

**کتێب بە زمانی عەرەبی:**

جعفر، عبد الوهاب. (١٩٨٩)، *البنوية فى الانثروبولجيا و موقف سارتر منها*، دار المعارف، القاهرة.

ستروک، جون. (١٩٩٦)، البنيويه و ما بعدها، ترجمة: محمد عصفور، عالم المعرفة، الكويت.

**گۆڤار بە زمانی عەرەبی:**

بغوره، الزواوى. (٢٠٠٢)، البنوية منهج ام محتوى، *عالم الفكر*، ٤(٣٠)، ٤١-٧١.

بلعفير، محمد بن عبدالله بن صالح. (٢٠١٧)، البنيوية النشأة والمفهوم، *مجلة الاندلس*، ١٥(١٦)، ٢٢٧-٢٦٢.